**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٦

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و شەش

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

# پێڕیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤) ی خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – سێ شه‌ممه ٢٠٢٢/٦/٧ ل ٥
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥) خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – یه‌ك شه‌ممه ٢٠٢٢/٦/١٢ ل ٩٧
پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)ی خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن – چوار شه‌ممه ٢٠٢٢/٦/١٥ ل ١٦٧

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار ئەکەین فەرموون لیژنەی یاسایی و و لیژنەی شارەوانی بابەتی پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی وە گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستانە، ئەگەر خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەتان دەست پێ بکەن کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دانیشتنەکانی پێشووتر ئەگەر جەنابتان و ئەندامان ڕازی بن یەکسەر بخرێتە دەنگدان ئەگەر نا دەبێت دەقەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز هێمن احمدحمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە بەڕێزان لەگەڵ ئەوەن یەکسەر ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ بۆ ئەوەی کات بگەڕێتەوە؟ چەند بەڕیز لەگەڵیەتی با دەست بەرز بکاتەوە؟ تەواو پەسەند کرا فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/١٢ کاتژمێر ٨ ی شەو کۆبوونەوەی ناوخۆیی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و دأرشتنی یاسای و دڵنیا بوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەل دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی/٨٥ بڕگەکانی یەکەم و سێیەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پڕۆژە یاسای وە زارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە:

ناوونیشان: پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشان؟ کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١)

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژە و زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان دەگەینن:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- وەزارەت/ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

٤- بریكاری وەزارەت: بریكاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٥- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژكاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٦- دەستە: دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.
٧- سەرۆكی دەستە: سەرۆكی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.
٨- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان كێ قسەی هەیە؟ بەڕیزان، گولستان خان كاك عوسمان سێدەری، كاك مەلا ناصر، ڕۆژان خان، تەواو؟ گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/١ بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەستەواژە و زاراوەكانی خوارەوە و ماناكانی بەرامبەریان دەگەیەنی، زۆر گرنگە دەستەواژەكان كە ئەناسێنرێن تعبیر بێ یەعنی نزیك بێ لە عنوانەكەش، لە هەموو ئەو خاڵانەی كە ناسێنراوە لە دووهەمەوە هەتا هەشتەم تەنیا ئاماژە دراوە بە هەرێم یەعنی پێشنیار ئەكەم بكرێت بە هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی كوردستان، هەروەها بۆ هەموو خاڵەكانی دوای ئەویش تا خاڵی ٨ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ماددەی یەك بڕگەی (٥) ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژكاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان وشەی ڕاوێژكاری پێویست ناكات لاببرێت بكرێتە ئەنجومەنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عوسمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك مەلا ناصر دەكەم دەربارەی ماددەی یەك بڕگەی (٥) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕوژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منــیش هەمــان ڕای كــاك مەلا ناصــر و كــاك عوســمانم هەیە، بــڕگەی (٥) لە مــاددەی یەك ئەو ئەنجــومەنە ئەنجــومەنی وەزارەتــی شــارەوانی و گەشــتوگوزاری هەرێــمە نەك ئەنجــومەنی ڕاوێژكاری، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دووەم، كاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢)

ئامانجەكانی ئەم یاسایە بریتین لە:

١- پەرەپێـدانی خزمەتگوزارییە گشـتییەكانی شـارەوانی و و پەرەپێـدانی ئاسـتی خزمەتگـوزارییە جیاوازەكانی شارەوانی لەڕووی چەندایەتی و چۆنییەتی.

٢- پاراستنی ژینگەی هەرێم بەشێوەیەكی خـاوێن و تەندروسـت و بـایەخ دان بە نـاوچە و پانتـاییە سـەوزاییەكان و دروسـت كـردن و بەردەوامـی دان بە پەرەپێـدانی پـارك و بـاخچە و نـاوچە سەوزاییەكان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان.

٣- كاركردن بۆ ڕاكێشانی سەرمایەو هاندانی وەبەرهێنـان لەڕێـگەی جـێ بەجـێ كردنـی پرۆژەكـانی وەبەرهێنــان بەهەمــاهەنگی لەگەڵ دەســتەی وەبەرهێنــان لە هەرێــم دا لە چوارچێــوەی یاســا بەركارەكان بەشێوەیەك ببێتە مایەی پێشكەوتنی ئابووری و فەراهەم بوونی هەلی كاری زیاتر بۆ هاووڵاتیان.

٤- پلان دانـان و ڕێكخسـتن و ئاڕاستەكردن بەدواداچـوون، پەرەپێـدانی چـالاكی گەشـتوگوزاری و پەرەپێـدانی نـاوچە گەشـتیارییەكان و پتەوكردنـی ڕۆڵـی كەرتـی تـایبەت و كەرتـی تـێكەڵاو و هاندانی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لەم كەرتە.

٥- كاركردن بۆ پەیڕەوكردنی بنەمای هاوبەشی كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت لە جێ بەجێ كردنـی پرۆژەكان بەشێوەیەك كە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێت.

٦- پەرەپێـدانی گەنجینەیـی شارسـتانی كەلتـوری بەشـێوەكی بەرپرسـیار و هاوسـەنگ لە ڕێـگەی ئەنجامـدانی ئەركەكـانی ڕوپێـوی و دەسـت نیشـان كـردن و هەڵكـۆڵینی زانسـتی ورد لەهەمـوو شوێنەوارەكان و پاراسـتن و نـۆژەنكردنەوەی ئەو شـوێن و ناوچـانە لەسـەر بنەمـای بەردەوام بە ئامانجی پیشاندنی سیما شارستانیەكانی هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی دوو كێ قسەی هەیە؟ د.شێركۆ، كـاك كـاوە، مامۆسـتا عمر، كاك جمال، سەوسەن خان، د.ڕێبوار، كەس هەیە نەمان نووسی بێ؟ گولستان خـان، كەسـی تر نییە؟ سوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) لە برگەی یەك پێشنیار دەكەم گەشتوگوزاری بۆ زیاد بكرێ و بكرێت بەو شێوەیە: پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەكانی شارەوانی و گەشتوگوزار پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازەكانی شارەوانی لەڕووی چەندییەتی و چۆنیەتییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە ئیزافەی خاڵێك كە دەبێتە تەسەلسولی حەوتەم وەكو یەكێكی تر لە ئامانجەكانی ئەم پڕۆژە یاسایە ئیزافە بكرێ ئەوەش ئەوەیە ئاماژە بەوە بكرێ كە یەكێك لە ئامانجەكانی ئەو پڕۆژەیە بریتیە لە ڕێكخستنەوەی هەیكەلیەت و پەیكەربەندی وەزارەت بەشێوەیەك كە گونجاو بێ لەگەل ئەو پێشڤەچونانەی كە لەو بوارانە ئەكرێ لە بواری ئەوەی كە پەیوەستە بە سێكتەری شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (٢) ئامانجەكان دیارە شەش بڕگەیان دانا بۆ دیاری كردنی ئامانجەكان من پێشنیار دەكەم خاڵێكی تر ئیزافە بكرێ لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەو حزمەتگوزاریانەی كە دەكرێن لیژنەیەكی تایبەت پێك بهێندرێت، بۆ ئەوەی عەدالەت پیادە بكرێ هەر پارێزگاكان حسابیان بۆ نەكرێ حساب بۆ قەزا و ناحیەكانیش بكرێ بە عەدالەت ئەو خزمەتگوزاریانەی كە دەكرێن ئەوانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خالێك ئیزافە بكرێ سەبارەت بە فراوان كردن و سەوزایی كردن و زۆر كردنی سەوزایی كردنی ئەو ناوچانەی كە ناوچەی بەرزایین وەكو شاخ و گرد و ئەوانە بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە لە ڕامالینی باران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.شیركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە، گەورەتـرین کێشـە لە یاسای شـارەوانی و لە یاسـای وەبەرهێنـانیش دا کە کەلێنێکی گەورەی بۆ گەندەڵی و بۆ ئازاردانی خەلك دروست کردووە، مەسەلەی هەلسـەنگاندنە، هەلسەنگاندن لەم یاسایە و لە یاسای وەبەرهێنانیش دا مەبەستم هەلسـەنگاندنی بەعـدیە، دوای ئەنجامدانی پرۆژە، شارەوانی ئیشی ئەوەیە کە خەدەمات تەقدیم بکات، تەنزیمـی گەشـتوگوزار بکات و پلان دابنێ و ماستەرپلان بکات، بەڵام کی تقیمی دوای ئەنجامدانی ئەو حزمەتگوزاریانە ئەکـات کە هـاووڵاتی ڕازیە لێـی یـان نـا، ڕازیـیە لەو خزمەتگـوزارییەی کە شـارەوانی تەقیـدیمی کردووە یان نا؟ ئەمە کەلێنە، بۆیە لەم ماددەی دوایی بڕگەی/٤ کە دەڵێ پلان دانـان و ڕێکخسـتن و ئاراستە کـردن و بەدواداچـوون هەڵسـەنگاندنی بـۆ زیـاد بکەیـن، لە کـۆی ئەم یاسـایەدا گـرنگە تەرکیز بکەینە سەر مەسەلەی هەڵسەنگاندن، چونکە هەڵسـەنگاندنە ئاراسـتەی پـلان و بەرنـامەی وەزارەتی شارەوانی ڕاست دەکاتەوە بە پێی ئەوەی باشیان کردووە یان خراپیان کردووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) بڕگەی (٣) دەڵێ کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنـان لەڕێـگەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەڕای من ئەو ئەرکی یەکەمی دەسـتەی وەبەرهێنـانە نەك وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، بـۆیە باشـترە وا لـێ بکرێـت کـارکردن بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنان لەڕێـگەی جـێ بەجـێ کردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەهەرێم دا لە چوارچێـوەی یاسـا بەرکارەکـان بەشـێوەیەك ببێـتە مایەی پێشکەوتنی ئابووری و فەراهەم بوونی هەلی کاری زیاتر بـۆ هاووڵاتیـان، واتـا ئەرکەکە بە هەماهەنگی بێ لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارت بە بڕگەی یەك لە ماددەی (٢) من پێم باشە ئەو وشانەم مەتاتی نەبن کە بەکارئەهێندرێن لە یاسا دیار بـن کێشـەیەك چارەسـەر دەکـات یـان فەرەزەیەك موعـالەجە دەکـات، بـۆ نمـوونە لە بڕگەی یەکەم، پەرەپێدان بکرێتە دابین کـردن، چـونکە پەرەپێـدانی خزمەتگـوزارییە گشـتیەکان بۆی هەیە وەزارەت دوای چوار ساڵ بڵێ والله مـن مەسـەلەن ئـاوی خـواردنەوەم بـۆ پێـنج مـاڵ دابین کردووە، بۆ نموونە ئەڵێم یا گەڕەکێك یـا کۆڵانێـك لە کاتێـك دا شـارێك بـێ ئـاوە، بـۆیە بـۆ ئەوەی دوایی ئەنـدامانی پەرلەمـان و پەرلەمـان و ئەو دەزگایـانەی چـاودێری ئەکەن بتـوانن لـێ پرسـینەوە لە وەزیرەکـان بـکەن لەسـەر ئەو ئەرکـانەی کە لە شـەر شـانیانە، بـۆیە پـێم باشـە ئەو

وشەی پەرەپێدانە بکرێتە دابین کردن کە دووجار بەکارهاتووە، لە خاڵی دووەم دا پاراستنی ژینگەی هەرێم بەشێوەیەکی خاوێن و تەندروست و بایەخدان بە ناوچە و پانتاییە سەوزاییەکان، پانتاییە سەوزاییەکان وەکو حاجەی هاووڵاتی وان ئێستا، بۆیە وشەی بایەخ دا نەبێت دروست کردن بێت، بەپێی پێوەر و ستانداردە نێودەوڵەتیەکان، بەداخەوە ئێستا شارەکان هەمووی بوونەتە چیمەنتۆ لە سلێمانی بناری گۆیژە ئەکرێتە چیمەنتۆ ئەگەر ئەمە هەستێکی بەرپرسیاریەتی هەبێ و مەسئولیەت هەبێ بۆ ئایندە و بۆ ئۆکسجینی پێویست و بۆ سەوزایی و بۆ دیمەنی جوان لەبەر خاتری چوار دەوڵەمەند کە (٥٠٠) مەتر خانویان هەبێ لە بناری گۆیژە ئاوا بە ئیسراحەت سەیری خەڵك بکەن لەناو سلێمانییا بناری گۆیژە ناکرێتە چیمەنتۆ ئەکرێتە درەختی جوان ئەمە کێشەی هەولێریشە تەنانەت، کێشەی شارەکانی تریشە، بۆیە ئەو وشەی بایەخ دانە بگۆڕێت بە دروست کردن و بونیادنان و شتی یەعنی مەحدود دیاری کراو، خاڵێکی تر بڕگەی (٥) کارکردن بۆ پەیڕەوکردنی بنەمای هاوبەشی کردن کەرتی گشتی و تایبەت بەڕاستی ئێستا ئەمە کێشەیە، شارەوانی لە دەرەوەی حوکمەکانی یاسای (١٣٠) ساڵی ١٩٦٣ داهاتی شارەوانیەکان ئێستا هەندێ خزمەتگوزاری بە کەرتی تایبەت دەسپێرێ بە تایبەت کۆکردنەوەی پارە بۆ نموونە پارەی خۆڵ و خاشاکی تۆزێ لەمەوپێش کاك دابان بە خاڵی پەیڕەوی باسی کرد، کە کارێکی نایاساییە، لێرە پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێ بە پیی یاسا بەرکارەکان واتا ئەم کارە بکات هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت یان کەرتی تایبەت بۆ هەر بوارێك ئەهێنێتە پێشەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان بی نەوەکو دەستکراوە بێ و چۆنی بوی کەرتی تایبەت بهێنێت بیکا بە گژ هاووڵاتیان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکا کە ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاخر زۆر شەرح دەکەی، زۆر شەرح مەکە یەکسەر برگەکە بڵێ، خۆی دوو دەقیقەیە ئەوپەڕی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، خاڵی/٦ پەرەپێدانی گەنجینەی شارستانی کلتووری ئەو دوو لیژنە بەڕێزە پێم باشە ئەمە تۆزێك ڕوونتر بنووسن، تۆزێ نا مەفهومە لام گەنجینەی شارستانی کلتوری من ئەزانم مەبەستی چییە، بەڵام بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ چییە دروست تر دەقیق تر بینووسن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، منیش لەسەر بڕگەی (٦) لە ماددەی (٢) تێبینیم هەیە نووسراوە پەرەپێدانی گەنجینەی شارستانی کلتوری، ئەگەر مەبەست لێرە لە دێرەکانی دوای ئەوە باسی شوێنەوار دەکات لە یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی شوێنەوار و کەلەپور دا کەلەپوور هاتووەن نەك کلتوری، ئەگەر مەبەست لە شوێنەوار و کەلەپورە هیوادارم لیژنەی تایبەتمەند لیژنەی

شـارەوانی ڕوونکردنەوەیەکمـان بـدەنێ یـان بگۆڕێـت ئەوە بە کلتـوور بگۆڕدرێـت، کەلەپـور بگۆڕدرێت نەك كلتوور بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

ئەرکەکانی وەزارەت بریتیینە لە:

١- داڕشـتنی سیاسـەتی نەخشـەدانانی ئـاوەدانی لە ڕێگـای ئامـادەکردنی نەخشـەی بنەڕەتـی ماستەرپلان و نەخشەی کەرتی بۆشارو شارۆچکەکانی هەرێم لەسەر بنەمای زانستی و پاڵپشت بە ستانداردی نەخشەسازی بۆ ئەوەی نەخشە و بەکارهێنانی جۆراوجۆری زەوی ببیـتە پاڵپشـتی پەرەپێدانی شارستانی وئابووری هەرێم.

٢- پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنـی ڕێگاوبـان و پـرد و تونێـل لە سنووری شارەوانییەکان و بەشێوەیەك ببێتە مایەی دابین کردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیـان و خوشگوزەرانی دانیشتوان.

٣- سەرپەرشـتی کـردن و چـاودێری کردنـی پـلان و پرۆژەکـانی شـارەوانییەکان و فەرمانگەکـانی وەزارەت لە شاروشارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکـانی ئەنجـومەنی شـارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی کارپێکراوەکان دەردەچن.

٤- دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی ئاوو و تۆڕەکانی گواسـتنەوەی ئـاو بـۆ هاووڵاتیان.

٥- دروست کردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران و لەگەڵ دروست کردنی وێستگەی تایبەت و دووبارە پاك کردنەوەی ئاو.

٦- سەرپەرشتی بەدواداچـوون و جـێ بەجـێ کردنـی نەخشـەی کەرتـی و نەخشـەی سێکتەرەکانی دیکەی ئاو و ماستەرپلان کە لەلایەن شارەوانییەکان ولایەنی پەیوەندارەکان ئامـادە دەکرێـت بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردن و کەم کردنەوەی کارگێری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانی شارەکان.

٧- دانانی پلانی گونجاو بـۆ پـاك ڕاگرتنـی ژینـگەی هەرێـم لەڕێـگەی کـۆکردنەوە و چارەسـەرکردنی زانستی بۆ زبڵ وخاشاك لە شارو شارۆچکەکان.

٨- پلانـدانان و بەدوایـداچوون و پەرەپێـدانی نـاوچە گەشـتیارییەکان و چـالاکی گەشـتوگوزاری و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو بۆ هاندانی سـەرمایەی نیشـتمانی و بیـانی بـۆ بەرهەمهێنان لە کەرتە لە چوارچێوەی پلانەکانی کەرتی گەشتیاری.

٩- ئەنجامدانی کار و ڕێپێـوی و پشـکنین و هەڵکۆڵینی زانسـتی و ورد لە نـاوچە شـوێنەواریەکان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانە کە لەڕێگەی تیمە پسپۆریەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەرکەکان کێ قسەی هەیە؟ ئەمە ئەساسی تـرین و لە هەمـوو ماددەکـان مـوهیم تـرە، کـێ ئەیەوێ قسـە بکـات؟ ناوەکـان ئەخـوێنمەوە بەڕێـزان ئەوەی نەمـان

نووسی بوو با پێمان بڵێ، (کاك کاوە، د.شێرکۆ، د.محی الدین، مامۆستا عمر، مژدە خان، کاك مەم، سەرچنار خان، مامۆستا عبدالستار، گولستان خان، کاك باڵانبو، کاك د.هەورامان، کاك بەڵێن، کاك عوسمان سێدەری، کاك کاروان، کاك شاخەوان، سەوسەن خان، کاك شێخ ظاهر)، تەواو بەڕێزان؟ کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارەك هەبوو لە جێی خۆیەتی و مەنتقە مەسەلەی پەرەپێدان و دابین کردن، لە ماددەی (٢) بۆ ماددەی (٣) مەبەستمە، بەڵام یەعنی کە قسە لەسەر ماددەی (٢) کرا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە ئامانجە، یەعنی ئامانجی ئەم وەزارەتە بەرەو ئەوە دەچێ پەرە بەم بابەتە بدات، بەڵام کە دێتە سەر ئەرکەکان لەوێ حساباتی ئەوەمان کردووە بە دابین کردنی ئاو یەعنی ئەرکە لەسەری دیاری دەکرێت بەدابین کردنی، بۆیە نەمانویست ڕەوشەکە لە دوو ئامانج و لە ئەرکەکان جێ بەجێ بکرێ، تەبعەن ئەرکیش یانی جێ بەجێ کردنی ئەرك و واجبەکەیە، ئەگەر لە بڕگەی/٤ ی ماددەی/٣ سەیری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینم لە ماددەی (٢) و ماددەی (٣) دا تێکەڵاویەك هەیە لە بەینی ئامانجەکان و ئەرکەکان دا ئەگەر بکرێت یەعنی ئامانجەکان لاببرێ یان تێکەڵ بکرێتەوە لەگەڵ ئەرکەکاندا، بۆ نموونە بڕگەی (٣) ی ئامانجەکان کارکردنە پلاندانانە، کارکردنە، بەهەمان شێوە لە ئەرکەکان هاتۆتەوە، زیاتر ئامانجەکان ئەچێتەوە بۆ هۆکاری دەرچوواندنی یاسایەکە، ئامانج لە دەرچوواندنی یاسایەکە، دەتوانرێ لەوێدا جێگەی بکرێتەوە و هەر ئەرکەکان بهێڵدرێتەوەو یەعنی تەنزیماتێ بکرێ لەبەینی ئەرك و ئامانجەکان دا و بکرێ بە یەك ماددە و ڕێك بخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محەمەد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی هاوڕام لەگەل بۆچوونەکانی سەرچنار خان و پشتگیری لێ ئەکەم، هەر بۆ نموونە ئەگەر دیقەت بدەین بۆ ئەرکەکان بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێ کۆی ئەوانەی لە ئامانجەکان دا هاتوون بۆ نموونە بڕگەی (٣ و ٤ و ٥) بەس وشەی پلاندانان یان کارکردن، بۆ کارکردن، بۆی لابا هەموو ئەمانە ئەبن بە ئەرك کە ئەرکەکە بوو مەجالی محاسەبە کردنی وەزارەت و وەزیر کە ئەرکەکانی بە تەواوی جێ بەجێ نەکردووە دەست کراوە تر ئەبێ پەرلەمان، ئامانج قابیلی ئەوە بێ ڕەنگە بۆی نەهاتەدی ئاستەنگ دروست بووە هاوڕام و بەو شێوەی لێ بکرێ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەكەم ماددەی (٢ و ٣) بكرێ بە یەك و بە پوختی دابڕێژرێتەوە، پشتیوانی لە قسەكانی سەرچنار خان دەكەم، دەست خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە خاڵی (٨) كە باسی پلاندانان وبەدواداچوونی پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەكان دەكات لێرە من سەرنجێكم هەیە ئەویش ئەوەیە كە هەوڵ بدرێت، واتا ئیستسنایەكی بۆ بكرێ، هەوڵ بدرێ ئەو ناوچانە بێ كەڵكی كشتوكاڵ نایەن، چونكە ئێستا فەرمووو لێرە لە دەرەوەی هەولێر لە ئاشوكان و دارەبەن باشترین زەوی كشتوكاڵیمان هەیە چوار هەزار دۆنمیان تەرخان كردووە بۆ پرۆژەی (هەپی ستی) لە كاتێك دا تۆزێكی دیكە ئەو لاتر برۆی بچۆ سەر گردێكی بەرز مەنتیقەی شێخ توراب دیارە كە ئاویشی هەیە و مەنتیقەیەكی بەردەڵانە بەكەڵكی كشتوكال نایەت، بەڕاستی من پێموایە دەبێ لێرە قەیدێك هەبێ هەوڵ بدرێ قەیدێك هەبێ وەزارەتی شارەوانی ئەو شوێنانە زیاتر بۆ گەشتوگوزار بەكاربهێنێ كە بە كەڵكی كشتوكاڵ نایەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ئێمە هەفتەی داهاتوو ان شاءالله پێشنیازە یاسای گەشتوگوزار تەسەور ئەكەم موناقەشە بكەین، چونكە لە لیژنەی شارەوانی تەواو بووە، ئەو قەیدەی جە نابت باسی دەكەی تیایەتی، دەستت خۆش بێ مامۆستا، كاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/٢ خاڵی/٤ دابین كردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دامەزراندنی وێستگەكانی ئاو و تۆڕەكانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان پێشنیار ئەكەم ئەمەی بۆ زیاد بكرێ، بەشێوەیەك پێداویستی هاووڵاتیان دابین بكات، بڕگەی/٥ دروست كردنی تۆڕەكانی ئاو بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران لەگەل دروست كردنی وێستگەی تایبەت بۆ دووبارە پاك كردنەوەی ئاو ئەمە هیچ كاتێكی بۆ دانەنراوە، یەعنی حەق وایە كاتێك دابنرێ ئەمە ساڵانە ڕێژەی چەند دابین بكرێ، یەعنی تۆ تەنها لێرە لە یاساكە بەس ئاماژە بەوە بدەی ئەمە بكرێت بەس ئەی ئەگەر ئەمە جێ بەجێ نەكرا ئەو كاتە چی ئەبێ لەبەرئەوە پێشنیار دەكەم لێرە كاتێك دیاری بكرێ یان ڕێژەیەك دیاری بكرێ پێویستە ساڵانە ئەوەنەی تیا جێ بەجێ بكرێ، ٧/ دەڵێ دانانی پلانی گونجاو، بەڵێ دەتوانن پلانەكە دانێن بەس ئەی ئەگەر جی بەجێ نەكرا، پێویستە لێرە ئەوەی بۆ زیاد بكەین دانانی پلانی گونجاو و جێ بەجێ كردنی، نەك تەنها دانانی پلانەكە بێت، دانانی پلان ئاساییە دانیشەو

به هەوەسی خۆت پلان دابنێ بەس ئایا ئەو پلانەی داتناوە جێ بەجێت کردووە یان نا؟ لە ٨ بەهەمان شێوە پلاندانان و جێ بەجێ کردنی لەدوای ئەو دەست پێ ئەکەینەوە بە بەدواداچوون، لەبەرئەوە پلاندانان زۆر ئاسانە بەس جێ بەجێ کردنەکەی ئەرکە پێویستە ئەرکەکە دیاری بکەین ئەویش بەهەمان شێوە کە ساڵانە چەندی جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) بڕگەی (٣) باس لە ئەنجومەنی شارەوانیەکان ئەکات، دیارە لەڕابردوو دەتوانم بڵێم لە ساڵی ڕابردوو تاڕادەیەك ئەنجومەنی شارەوانیەکان یەعنی تەفعیل و دەست بەکار و کار باشیشیان کردووە، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستا ئەنجومەنی شارەوانیەکان بە تایبەتی ئەنجومەنی شارەونی ناحیەکان لەگەڵ قەزاکان تا ڕادەیەکی زۆر یەعنی ناڕاستەوخۆ سڕ کراون، لەبەرئەوە حەق وایە ئیدی لەسەر ئەو بڕگەیە لە ماددەی (٣) پیاچوونەوەیەك بکەن، دەست خۆش سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە روحی یاساکەیە ئەم ماددەیە هیوادارم ئەگەر تۆزێك زیاد قسەم کرد کاتم پێ بدەی سوپاست دەکەم، من لە ماددەی/٣ سێ بڕگە ئیزافە دەکەم هیوادارم کە برادەرانمان لە لیژنەی شارەوانی و قانوونی بە دڵێکی فراوانەوە وەری بگرن، وەکو برای بەڕێزم کاك باڵانبو ئاماژەی پێ کردو فەرمووی ئێمە کێشەنی نەخشەدانان و ماستەرپلانمان نییە کێشەی ئەوەمان هەیە کە جێ بەجێ ناکرێ.

یەعنی ئەگەر متابەعە و دیراسەیەکی تەواوی هەرێمی کوردستان بکەی دەبینی کە کێشەیەکی گەورەیە، من بەدواداچوونێکم کردووە لە پارێزگای هەولێر (١٠٠٠) کم٢ کیلۆمەتر دووجا لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین (١٥٦٩)کم٢ و پارێزگای دهۆك وئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ٧٤٣کم٢ پێویستیان بەچاك کردن و لێدانی ڕێگەوبانی تازە هەیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەزانی ئەم پارەیە چەند دەکات؟ ١٠ملیار و ٥٦٩ ملیۆن دۆلار دەکات کە ئەگەر بێتو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەی بۆ تەرخان بکات، ئەمە هۆکارەکەی چییە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەمێکە ماستەرپلان دادەنرێ و، بەڵام ئەم بابەتانە چارەسەر نەکراون، واتا کەڵەکە بوونەتەوە، فەرمووسەیری شارێکی وەکو ڕانیە بکە، شارێکی وەکو سۆران و زاخۆ و کفری و کەلار و وەکو شاروشارۆچکەکانی تر، دنیایەك مەشاکلی گەورەیان هەیە یەعنی ڕیگاوبان هەیە جادە هەیە کۆڵان هەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە کۆڵانە و تا ئێستا قیرتاو نەکراوە.

یەعنی شوێن هەیە تا ئێستا کارەبای تەواوی بۆ نەچووە، ئاوی بۆ نەچووە، تا ئێستا شوێنمان هەیە ئاوی بیر یەعنی بە تەنکەر ئاوی بۆ دێنن کە ئەمە تاپۆش ئەو مەنتیقانە، ئەمە بەڕاستی

کاریسەیەکی گەورەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بڕگەیەك ئیزافە بکەین و بڵێین دابین کردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ جێ بەجێ کردنی نەخشە و ماستەر پلانی شاروشارۆچکەکان، چونکە بەڕاستی بە دابین کردنی بوودجە و بە بێ جێ بەجێ کردنی ماستەر پلان و نەخشەی هیچ کاریگەریەکی نابێت و هیچ ناگۆڕێت، دووەم/ بڕگەیەکی دیکە ئیزافە بکرێ پاراستنی شوێن و ئاسەوارە مێژووییەکان کە دەکەونە سنووری شارەوانی لە ئامادەکردنی هەر ماستەرپلانێك دا بەڵێ ئەمە لە بڕگەی یەکەم وەکو ئامانج لە ماددەی/٢ لە بڕگەی/٥ ئاماژەیەکی بەسیتی پێکراوە، بەڵام بۆ پەرەپێدان ئێمە گرنگ ئەوەیە کە بیان پارێزین، شوێنێکی وەکو مەڵکەندی لە سلێمانی ئێ حەیفە دەستکاری ئەو شوێنە بکەی، ناکرێ تۆ بیکەیە پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون یان بیکەیە پرۆژەیەکی گەشتیاری یان لە هەولێر وەکو قەڵای هەولێر یەعنی بەیانی تەتەوراتێك ڕووبدات چوار ساڵی تر دەبی بیدەیە بە بازرگانێك و بیکات بە پرۆژەیەکی گەورە، ئەوە مەنتیقەیەکی گرنگەو ئاساریشە و پێویستە بیپارێزین.
سێیەم/ بڕگەیەکی دیکە ئیزافە بکرێ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە قیرتاو کردن و دابین کردنی ئاوی خاوێن و ڕاکێشانی هێڵی کارەبا بۆ ناوچەکانی نیشتەجێ بوون، دووبارە بۆ ئەمە دووبارە دەکەمەوە و جەختی لێ دەکەمەوە، چونکە خۆشی لە بڕگەی چوارەم دا هاتووە تەقریبەن وەکو دابین کردنی ئاو، بەڵام لە ڕانیە دادەنیشم تەماشا دەکەم لەو مەنتیقەیە شوێنی لێیە تا ئێستا بیست ساڵ، بیست و پێنج ساڵە کۆڵانێکی قیرتاو نەکراوە، ئەمە لە سۆرانیش ڕاستە خۆم خەڵکی سۆرانم، یەعنی لە سۆرانیش ئەمە ڕاستە، لە کفریش ئەمەهەر ڕاستە، لە زاخۆش ئەمە هەر ڕاستە، بۆیە پێویستە یاسا ئیجباری حکومەت بکات و مولزەمی بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەمانە چارەسەر بکات، لەبڕگەی/٣ کاتێك کە باس لە سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن دەکرێ بەشداری کردن لە دانانی پلان و پڕۆژەکان، چونکە ناکرێ تۆ ڕێگە بدەی ئیدارەی سەربەخۆ یاخود ڕێگە بدەی بە تەنها پارێزگایەك یاخود شارێك لە ئارەزووی خۆی ماستەرپلان دابنێ و گەندەڵی گەورەشی تێدا کراوە، بەخێرایی یەك نوقتەی تر باس دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی/٥ کە باس لەوە دەکرێ سەرپەرشتی و بەدواداچوون ئەمەیان بە هەماهەنگی ئیدارەی سەربەخۆ نابێ، ئەم چوار ئیدارە سەربەخۆیەی کەمە لەگەڵ پارێزگاکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی (٢) پێشنیار دەکەم پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان و پرد و تونێل لە سنووری شارەوانییەکان (و) ئەو واوە بکرێتە (،) بەشێوەیەك ببێتە مایەی دابین کردنی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان و خوشگوزەرانی دانیشتوان، لەبڕگەی/٤ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی ئاو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان پێشنیار دەکەم ڕستەیەك زیاد بکرێ بەوەی کە (و) وە پاکردنەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام چونکە لە زۆر حاڵەت دا ئێمە دەبینین ئاوی خواردنەوە

یەعنی خاوێن نییەە یەعنی قوڕاوییە، بۆیە ئەو ڕستەیە پێویستە زیـاد بكرێـت، لەبـڕگەی (٥) كە نووسراوە دروست كردنی تۆڕەكانی ئاوەڕۆ بۆ ئـاوی قـورس دوو ڕێ دانـراوە بكـرێتە یەك ڕێ، لە بڕگەی (٦) دا سەرپەرشتی وبەدواداچوونی جێ بەجێ كردنی نەخشەی كەرتی، نەخشەی كەرتی بكـرێتە یەك (ی) لێـرە نەخشـەیە، بەڵام (ت) زیـادە لێـرە و ئەو (ت)یە لابـرێ بكـرێتە نەخشـەی سـێكتەرەكانی دیـكەی نـاو ماسـتەرپلان كە لەلایەن شـارەوانیەكان و لایەنە پەیوەنـدارەكان نووسـراوە بكـرێتە لایەنە پەیوەنـدارەكان ئامـادە دەكـرێ بە مەبەسـتی كـۆنترۆڵ كـردن وكەم كردنەوەی كاریگەری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانی شارەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەكم هەیە لەسەر ئەو دوو دەقەیەی كە كـاك جەنابـت دەڵێـی دوو دەقەیە، بەپێـی شێوازی گفتوگۆ كردن لە دانیشتەكانی پەرلەمان ماددەی/٥٤ چوارەمو خـاڵی یەكەم ئەنـدام بـۆی نییە لە سێ خولەك زیـاتر بـدوێ، نـازانم دوو دەقەكەی دی لە كـوێیە، گەڕام لەنـاو پەیـڕەو تێیـدا نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام تەحدید نەكراوە بۆ مەوادی قانوونی چەندە، سێ دەقە قسـە بـكە هەیە سـێ دەقە زیاتریش قسەی دەكات، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێوازی موناقەشە كردن، مەبەستم خۆم نییە بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمـان، تێبینـی مـن لەسـەر ئەركەكـانی وەزارەت بـریتین لە بـڕگەی (٤) دابـین كردنـی ئـاوی خـواردنەوە و دامەزرانـدنی وێسـتگەكانی ئـاو و تۆڕەكـانی گواسـتنەوەی ئـاو بـۆ هاووڵاتیـان، گواسـتنەوەی تۆڕەكـانی گواستنەوە، دابەش كردنیشی بۆ زیاد بكرێ، گواستنەوە و دابەش كردنـی ئـاو، سـەبارەت بەوەی پرسیارم لە لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئەوەی ئایـا بیرلێـدان لەچوارچێـوە و دەسـەڵاتی وەزارەتـی شارەوانیە یان وەزارەتێكی ترە، خۆ ئەگەر لە دەسەڵاتی وەزارەتی شـارەوانی بـی ئەوە پێویسـتە لەو ماددەیە ئاماژەی پێ بكرێ، چونكە لە خاڵی شەشەمی مـاددەی (٤) ئامـاژە بە بەڕێـوبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ كە ئەوەیەكی مەعنەوی سەربەخۆشی هەیە و ئامـاژە پێكـراوە و بەشـێكە لە پێكهاتەكانی وەزارەت و هیوادارم وەڵامم بدەنەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵی ئەگەر سەیری ماددەی (٨٨) بـكەی گە پەیوەنـدی بە قانوونەكـانەوە هەیە دوو دەقەیە، ئەڵێ ئەو ئەندامەی نـاوی تۆمـار كـراوە دەتـوانێ لەسـەر هەر مـاددەیەك تەنیـا یەك جـار بـدوێت و نـابێ لە دوو خـولەك تـێ پەڕ بكـات، بەڵام ئـێمە لە مەوزوعـی قـانوون دا هەنـدێ جـار لەوەش دەردەچین، زۆر زۆر سوپاس، نا عیلاقەی بە خزمایەتیەوە نییە، ماۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە ئەرکەکـانی وەزارەت بـڕگەی/٤ دابـین کردنــی ئـاوی خـواردنەوە و دامەزرانـدنی وێستگەکانی ئاوو تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاووڵاتیان پـێم باشـە ئەمەی بـۆ زیـاد بکـرێ بە پێی پێـوەر و سـتانداردەکانی پێویسـتی هەر هـاووڵاتیەك بـۆ بـڕی پێویسـتی ئـاوی خـواردنەوە، سەبارەت بە بـڕگەی/٥ دروسـت کردنـی تۆڕەکـانی ئـاوەڕۆ بـۆ ئـاوی قـورس و ئـاوی بـاران لەگەڵ دروست کردنی وێستگەی تایبەت بۆ دووبارە پـاك کـردنەوەی، تەبعەن مەبەسـت لە ریسـایکلینە، پێشنیار ئەکەم ئەم بـرگەیەی بـۆ زیـاد بکـرێ، پـاککردنەوە ئـاو و بەکارهێنـانەوەی لەپێداویسـتی هاووڵاتیـان و شـارەکان، یەعنـی ئەکـرێ بـۆ ئـاوی خـواردنەوە بـێ، ئەکـرێ بـۆ ئـاودانی ڕووبەرە سەوزاییەکان بێ، خـاڵێکی تـر بـڕگەی/٦ بەڕاسـتی نـازانم ئـیمە ئەمەیـان چـۆن جـێ ئەکەیـنەوە، ئەویـــش ئەوەیە کە لێـــرە وەزارەت ئەرك بـــار ئەکـــات بەوەی کە نەخشـــە و پلانەکـــان و ماسـتەرپلانەکان لەنـاو سـێکتەرەکان دا لە نـاو شـارەکاندا بەجۆرێـك بـێ کە سـیمای شارسـتانی شارەکان بپارێزێ، بەڕێزان ئەمە یەکێك لە کێشەکان کێشەی جێ بەجێ کـردنە، لەنـاو شـارەکاندا هەنــدێ ڕووبەر دائەنــرێ بەشــێوەیەکی گشــتی ئەنوســرێ بــۆ خزمەتگــوزاری گشــتی، ئەم خزمەتگوزارییە گشتییە لە دوایی لەبری ئەوەی بکرێتە قوتابخانە، بکـرێتە نەخۆشـخانە، بکـرێتە پارك و سەوزایی، یەکسەر زۆرێك حاڵەت ئەکرێتە پرۆژەیەکی بازرگانی ئەدرێـتە سـەرمایەدارێك و هەندێ دوکانی تیا دروست دەکا و لەبری ئەوە، ڕاستە ئەوەش خزمەتگوزاری گشـتییە، بەڵام لە پێشتر پارکە بە تایبەت هەندێ شوێن کاك لوقمان نـازانم ئەمە چـۆن جـێ ئەکەنەوە؟ بـۆ نمـوونە قوتابخانەیەکمان هەیە باخچەیەکی ساوایانیش لە تەنیشتیا، لەبەرامبەریا پارچەیەك زەوی هەیە ئایـا گونجـاو تـر و باشـتر نیـیە ئەم پـارچە زەویە بکـرێتە بـاخچەیەك نەوەکـو بـازار و دوکـان؟ شارەوانی باوەڕتان بێ لەناو سـلێمانی دا نمـوونەی لەم جۆرەمـان هەیە هەشـت مەتـر لە دووری دەرگای باخچەکەوە کردوویەتی بە بـازاڕ نێـرگەلە کێشـانی تیـا دانـاوە، بەرامـبەر منـاڵی تەمەنـی پێنج ساڵ، بەڕاستی ئەمە کارەساتە، شارەوانی بەم نا بەرپرسیاریەتە مامەڵە بکات!.

هیـوادارم لیـژنەی شـارەوانی بەڕێـز لە بـڕگەی/٦ دا ئەمە جـێ بـکەنەوە کە دەسـتی وەزارەت و شارەوانییەکان ببەستێتەوە ڕووبەرێك دانراوە بۆ خزمەتگـوزاری گشـتی ئەکـرێ قوتابخـانە بـێ، ئەکرێ باخچە بـێ نەخۆشـخانە بـێ، پـارك بـێ، ئەوانە هەمـووی تـێ نەپەڕێـنن و بـیکەنە بـازاڕ و دوکان بەپێی میزاجی خۆیان و بەرژەوەندی کەسێك تەحقیق بکات، خاڵێکی تـر ئەگەر دەرفەتـم بدەی عەفوم کە، ئەویش بڕگەی/٧ دانانی پلانی گونجاو بـۆ پـاك ڕاگرتنـی ژیـنگە، ئـێمە دەسـتەی ژینگەمان هەیە و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، پـێم باشـە بـابەتی کـۆکردنەوەی خـۆڵ و خاشـاك کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە لە هەموو شارەکانمان، زۆر زۆر بەڕوونی ئەم بڕگەیە وای لێ بکـرێ کە ئەرکی وەزارەتی شارەوانی و شارەوانیەکانە هەستن بە کۆکردنەوەی خـۆڵ و خاشـاك بەپێـی

پێوەر و ستاندارده جیهانیەکان بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پاك ڕاگرتنی ژینگە، پێشنیار دەکەم دوو بڕگە زیاد بکەن..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆیان بنێرە بە نووسین، شەرح زۆر ئەکەی بۆیە وەختەکەت لێ ئەڕوا، دەستت خۆش بێ بەس بۆیان بنێرە، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم شت پێم باش بوو بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرە بایە لە کاتی گفتوگۆ کردنی ئەو پێشنیازە یاسایە کە پەیوەندارە بە وەزارەتەکەی ئەوەوە، دووەمیان من چەند تێبینیەکم هەیە بە تایبەتی لە خاڵی چوارەم کە باس لە دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکان و تۆڕی گواستنەوەو دابەش کردنی کە هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم شێخ چاهری، بڕگەیەکی هەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ کە هەوڵ دان بۆ کەم کردنەوەی بەکاربردنی ئاوی ژێر زەوی و بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و بۆ کارکردن بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی سەرزەوی، فەرامۆشکردنی لایەنی پارك و سەوزاییەکانی نێوان شاروشارۆچکەکان پێموایە کە ئەوەش یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەت، وە هەروەها پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێ تایبەت بی بە کۆکردنەوەی پارەی ئەو خەزمەتگوزاریانەی کە وەزارەت پێشکەشی دەکات هەم لە یاسای ئەوەی عێراقی ساڵی ١٩٦٣ بەرکارە، دوای ئەوەی کە بڕیاری دادگای سلێمانیش درا کە پێویستە وەزارەت هەڵسێ بە کۆکردنەوەی ئەو پارەی خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش کراوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە تایبەتە بە کەرتی گەشت و گوزار کە یەکێکە لە دەستە گرنگەکانی ئەو وەزارەتە بەڕاستی بەلاوەکی ئاماژەی پێکراوە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ڕاستە لەبڕگەی (٨) کە ئاماژەی پێکردووە کە کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکەن لە پلانەکانی گەشتیاری پێموایە دەبێ بڕگەیەکی تایبەت بۆ کەرتی گەشت و گوزار کە خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ کە یەکێکە لە ئامانجەکانی وەزارەت کە لە بڕگەی (٨) داهاتووە پێموایە تێر ناکات، بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تایبەت بە گەشتوگوزار زیاد بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پێشەکی من ئەمەوێ پشتیوانی لە قسەکانی سەرچنار خان و کاك کاروان بکەم بۆ ئەو پێشنیازانەی کە کردیان وە بەر مەبنای ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی قانوونی کە کاك عباس دای لە پەیوەندی بەینی ماددەی (٢ و ٣) تەنها لە بڕگەی دووە یەعنی ئەو ئەشکالی دەستەواژەیە دەمێنێ کە لە هەموو بڕگەکانی تر دا دروست کردنە، دابین کردنە، بەس لە بڕگەی دووەم بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی هاتووە، پێشنیاز دەکەم پێشکەش کردنەکەش بکرێتە دابین کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) ئەرکەکانی وەزارەتی شارەوانی لە بڕگەی (٢) دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لە جیاتی پێشکەش کردن پێشنیار دەکەم دروست کردنی ڕیگەوبان و پرد و تونێل ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ قیراتاوکردنی کۆڵانەکان و چاك کردنەوەی شوێنە خراپ بووەکانی ئەوە زیاد بکرێ لە سنووری شارەوانیەکان، ئەرکێکی تر دابین کردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە، چونکە بەڕاستی زۆر گرفتی ئاوی پیس هەیە لە شوێنەکان، بۆ خاڵی چوارەم ئاوی پاك زیاد بکرێ، لە خاڵێکی تردا ئەگەر کۆکردنەوەی پارەی خزمەتگوزاریەکان بخرێتەوە سەر شارەوانیەکان بۆ ئەوەی چیتر ئەم کۆمپانیایانەی کە خەریکی کۆکردنەوەی پارەی خزمەتگوزارین کۆتاییان پێ بێت لێرە ئەوە کۆتایی پێ بێت، سەبارەت بە خاڵی (٧) کە باس لە پلانی گونجاو ئەکات بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگەی هەرێم لەڕێی کۆکردنەوەو چارەسەرکردنی زانستی بۆ زبڵ و خاشاك لە شارو شارۆچکەکان ئەمەی بۆ زیادبکرێ پێشنیار ئەکەم جیاکردنەوەی ئەو کەرەستانەی توانای دووبارە بەکارهێنانەوەیان هەیە وەکو مەوادێکی ئەوەلی بۆ کارگەکان ئەرکی ئەوانە بیکەن، خاڵێکی تر بۆ بڕگە (٨) پلانـدانان و بەدواداچوون و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیاریەکان و چالاکی گەشتوگوزاری و فراوانکردنی ناوچە سەوزاییەکان، پتەو کردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و هەروەها... . لەویا ئەو فراوانکردنی ناوچە سەوزاییە پێشنیار ئەکەم زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دابان نوقتە نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) قسە ئەکەم بەڕێزان گولستان خان، کاك د. محی الدین، مامۆستا عمر چەند بەڕیزێکی تریش باسی خۆڵ و خاشاك و وەرگرتنی ڕەسمیان کرد ئێمە یاسایەکمان هەیە بۆ ئەمە، یاسای ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ مان هەیە کە بەرکارە، یەعنی ئەمە من لە بەڕێزان کاك لوقمان وەردی و بە جەنابیشت و لە کاك بژاریش دەپرسم کە بڕیاری مەحکەمە هەیە وەرگرتنی رەسم لەلایەن کۆمپانیاوە نایاساییە، لەلایەن کەرتی تایبەتەوە نایاساییە، ئەوەی کە ماوە تەنفیز بکرێ کە جێ بەجێ بکرێ کۆمپانیاکان هەلوەشێتەوە بۆ ناکرێ نازانم، هەفتەی پێشووش یاداشتێکم دا بە بەڕێزت لەسەر ئەو پرسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك بڕگەمان لەبیر کردووە، بنووسین بۆیە داوا دەکەین کە ئەم ماددەیە زیاد بکرێ و بکرێتە ماددەی (١٠) دەیەم/ لە ئەرکەکانی وەزارەتی شارەوانی ئەویش ئەمەیە، دروستە کردنی پارکینگی گونجاو لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی (٥) ئەگەر بکرێ ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێ یاخود بکرێت بە برگەیەکی سەربەخۆ ئەویش ئەوەیە بڕگەی/٥ دروست کردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران لەگەڵ دروست کردنی وێستگەی تایبەت بۆ دووبارە پاك کردنەوە و هەروەها پاراستن و دورخستنەوەی ئاوو ئاوەڕۆی شارو شارۆچکەکان لە دووبارە چوونەوەی بۆ ناو دەریاچە و رووبارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەو قسانەی جەنابتان دەیکەن هەمووی قسەی بەجێیە، بەڵام ئێمە قانوونێکمان لە هەفتەی ڕابردوو دەنگمان لەسەری دا لەسەر پاراستنی زۆر بە تەفسیلی باسی ئاوی قورس و چۆنییەتی ئەو بابەتەمان کرد لەمەسەلەی گەشتوگوزار ان شاءالله قانوونمان هەیە هەفتەی داهاتوو مەشروع موناقەشەی ئەکەین، بۆیە ئەم وردەکاریە زۆر نەکراوە، د.هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ماددەی (٣) بڕگەی (٢) کە لە ئەرکەکانی وەزارەت بریتین لە باسی ئەوە ئەکات ئەڵێ پێشکەش کردنی حزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان و پرد و تونێل پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دیارە ئەوە لە ئەرکەکانی وەزارەتی شارەوانییە، بەڵام ئایا دروست کردنی ڕێگەوبان و پردو تونێل ئەوە ئیش و کارو ئەرکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بێگومان هەرچی لەناو شاردا بێ ئەرکی وەزارەتە هەرچی چووە دەرەوە ئینجا ئەبێتە هی ئاوەدانکردنەوە، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتگیری لە وتەکانی برای بەڕێزم کاك کاروان ئەکەم لەگەل وتەکانی سەرچنار خان و کاك مم و موژدە خان سەبارەت بە یەك خستنی ئامانج و ئەرکەکان، چونکە وازحە کە نزیکیەکی زۆریان هەیە، سەبارەت بە پشتگیری وتەکەی مامۆستا عبدالستار ئەکەم بۆ بەدەرخستنی زەوی کشتوکاڵی لە باسی شارەوانی و لەو پێناوە دا بڕگەی یەکەم ئیزافەیەکی بۆ

بکەیـن، بـۆ ئەوەی زەوی کشـتوکاڵی بپـارێزین کە هێرشـی شـارەوانی، ئەوەی بـۆ ئیـزافە بکەیـن کاتێك کە ئەڵێ بۆ شاروشارۆچکەکانی هەرێـم بەدەر لە زەویـیە کشـتوکاڵییەکان لەبـڕگەی یەکەم بەو شـێوەیە زەویە کشـتوکاڵیەکان ئەپـارێزرێ، سـەبارەت بە سـتانداردی نەخشەسـازی بەڕێـزان ئەگەر وریا نەبین ستانداردی زۆرن، ستانداردی لۆکاڵی هەیە، ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکـان هەیە، کە باس لە ڕیژەی ئاوی پێویست بۆ مرۆڤێك، ڕێژەی شـەقام و ڕێـژەی ئەوە و ڕێـژەی ئەوە ئەکرێ، بۆیە ئێمە بە موتڵەقی نەڵێین سـتانداردی نەخشەسـازی بڵێـین سـتانداردی نەخشەسـازی زانستی و سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی معیاری بێ، یەعنی معیاری ئەوە بێ، دووەم/ بـاس لە پێشـکەش کردنـی خزمەتگـوزاری شـارەوانی ئەزمەی خزمەتگوزارییەکـان تـا ئێسـتا مەسەلەی کواڵتی و مەسەلەی وەقتە یان درەنگ خزمەتگـوزارییەکەی پـێ ئەگەیەنـێ شـارەوانی یان کواڵتیەکی باش نییە.

لەو پێنـاوە دا ئـێمە بـڕگەی دووەم ئەمەی بـۆ ئیـزافە بکەیـن و بڵێـین پێشـکەش کردنـی خزمەتگوزارییەکـانی شـارەوانی بە پەلەو بە کـواڵتی شـیاو هەر لەو بـڕگەی/٢ دا بـاس لە دنیـادا خەدەماتی شارەوانی ئەبێ بە دیجیتـاڵی کـۆنترۆڵ بکـرێ، یەعنـی باسـی حکـومەی ئەلیکترۆنـی ئەکرێ باس لەوە ئەکرێ کە چۆن خزمەتگوزاری زوو بگا و باش بگات بە هاووڵاتییان.

بـۆیە بـرگەی/٢ ئەوەی بـۆ ئیـزافە بکەیـن کە دەڵـێ لە سـنووری شـارەوانیەکان بە کـۆنترۆڵی دیجیتاڵیو کۆمنترۆڵی دیجیتاڵی یەعنی ئیتر ئەوە لەوە دەرچوو مەسەلەی مەزاج و بە حسـاباتی گەندەڵی و فەسادی و ئەمـانە، کـۆنترۆڵی دیجیتـاڵی ئەمە حەسـمی ئەکـات، بـڕگەی/٣ دیسـانەوە دێـمە سـەر مەوزوعە هەڵسـەنگاندن هیـوادارم هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد یەعنـی ڕەچـاوی ئەو مەوزوعە بکەن، چونکە کە ئەوتـرێ نیـزام، نیـزام پلانـدانانە، جـێ بەجـێ کـردنە، بەدواداچـوونە، هەڵسەنگاندنە، ئەو چواریە نیزام، نابێ سیانی تیا بێ و هەڵسەنگاندنی تیا نەبـێ، هەڵسـەنگاندنی پاشی.

بۆیە لە سێیەم دا کە بلێین سەرپەرشتیاری و چاودیری کردن و هەڵسەنگاندنی پلان و پرۆژەکان، هەروەها لە بڕگەی/٦ یشدا هەر بەهەمان شێوە سەرپەرشـتی و بەدواداچـوون و هەڵسـەنگاندنی جێ بەجێ کـردن، تەئیکـدی لەسـەر بکەیـنەوە و بـۆ ئەوەی کە زەمـانەتی ئەوە بکەیـن کە ئەوەی شارەوانی ئەیکا دواتر هەڵسەنگاندنی بۆ بکات ئایـا پێکـاویەتی یـان نەیپێکـاوە، ئاڕاسـتەی خـۆی ڕاست بکاتەوە، ئەگەر ئەمە نەبێ هەڵسەنگاندن نەبێتە ئەرکێك لە ئەرکەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان کەمێك ئارامی بپارێزن، یەعنی هێمن تر بن، بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێ، کـاك کاوە فەرمووە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی/٣ بـڕگە/٢ دەڵـێ پێشـکەش کردنـی خزمەنگوزاریەکـانی شـارەوانی و دروسـت کردنـی ڕێگەوبان و پرد و تونێل لەڕاستی دا ئێمە باسی ئەرك ئەکەین، بۆیە دەبـێ بکـرێتە دابـین کردنـی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و دروست کردنی ڕێگەوبان، چونکە دابین کردنەکە ئیلـزامیە ئـێمە

باسی ئەرك ئەكەین، ئەركی وەزارەتی شارەوانییە كە خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی و دروست كردنی پرد و ڕێگەوبان ئەوە ئەركە بۆیە بكرێتە دابین كردن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر قسەیەكتان نییە بەڕێزان ئەچینە ماددەی/٤ ؟ كاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لوقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك، دوو ڕوونكردنەوەی پێوستمان هەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی لێدانی بیر كاك شێخ ظاهر پرسیاری كرد، بەپێی یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەكانی ئاوی هەرێم لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئاوی هەرێم دایە، بەڕیوەبەری گشتی ئاو ئاوەڕۆی هەرێم لە وەزارەتی شارەوانی ئەندامە لەم ئەنجومەنە، سەبارەت بە داڕشتنی بڕگەی یەكەم كە زۆر تێبینی لەسەر هەبوو، دارشتنی سیاسەتی نەخشەی ئاوەدانی لەڕێگەی ئامادەكردنی نەخشەی بنەڕەتی و ماستەر پلان، بەداخەوە زۆرێك لە شاروشارۆچكەكانی خۆمان نە نەخشەی بنەڕەتیان هەیە و نە ماستەرپلانیشیان هەیە، بۆیە لێرەدا وەكو ئەركێك جەختی لەسەر كراوە كە ئەمە ئەركی وەزارەتی شارەوانییە بۆ ئەوەی نەخشەی بنەڕەتی و ماستەرپلان بۆ ئەو شاروشارۆچكانە ئامادە بكات كە نیانە و هەروەها بە پێی قانوونی ژمارە/٣ فەرز كراوە كە ئەبێ وەزارەتی شارەوانی لە ماوەی دوو ساڵدا نەخشەی بنەڕەتی و ماستەرپلان بۆ شاروشارۆچكەكان جێ بەجێ بكات، سەبارەت بە زەوی كشتوكاڵی تەبعەن ئەم قانوونە حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر سنورێك جێ بەجێ ئەبێ كە ئەكەوێتە ناو چوارچێوەی ماستەر پلانی شارەكان، زەوی كشتوكاڵی ئەكەوێتە دەرەوەی ماستەرپلانی شار، بۆیە دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانی بەسەر زەوی كشتوكاڵی دا نابێت تا زەوییەكە نەكوژێتەوە لە موڵكیەتی وەزارەتی كشتوكاڵی و نەیەتە چوارچێوەی ماستەر پلانی شار، سەبارەت بە پرسی خۆڵ و خاشاك دا ئێمە لە لیژنەی شارەوانی لەگەڵ خوشك و براكانمان تێبینیمان لەسەر بەخشینی ئەم دەسەڵاتە هەبووە لەسەر كەرتی تایبەت، بەڵێ بڕیاری دادگا دەرچووە كە ئەم پرسە پرسێكی نایاساییە وئێمە لە لیژنەی شارەوانی هەموو ڕێكارێك ئەگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەم پرسە ڕاست بكرێتەوە ئێمە لەگەل ئەوەینە كە حكومەت خۆی ئەم خزمەتگوزاریە پێشكەش بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٤) بەڕێزان بیخوێننەوە، كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من پێش ئەوەی ماددەی/٤ بخوێنمەوە ویستم یەك تێبینی بڵێم ئەوە یەك لە پێشنیارەكان بوو ماددەی (٣ و ٢) یەك بخرێ، فعلەن ڕەئی لیژنەی ئێمەش ئەم بابەتە بوو بەڵام ئێمە پێمان وابوو جەنابی وەزیر دێتە ئێرە هەندی ڕوونكردنەوە دەدات لەسەر ئەم بابەتانە قسە ئەكات كە نەهاتووە ئەگەر بۆ كۆبوونەوەی لیژنە ئامادە نەبێ ئیتر ئەمە ئەوە دەبێتە یەكێك لە پێشنیارەكان بێگومان.

ماددەی (٤).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێمە بە بەڕێز وەزیری شارەوانیمان وت بوو ئامادەبێ، بەڵام ئەمرۆ کۆوبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆیە نەیتوانی ئامادەبێ، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٤

وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخراوەیی بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی ڕاسپێری بۆ بریکاری وەزارەت و سەرۆکی دەستە یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان بەرپرسانی پێکهاتەکانی وەزارەت.

نوسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

١- بریکاری وەزارەت هاوکاری وەزیر دەکا لەڕووی ئاڕاستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەبەخشرێت و دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

٢- نوسینگەی بریکاری وەزارەت فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

٣- ڕاوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆڕ بن و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن و نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر بێ.

٤- بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان بریتین لەم بەڕێوبەرایەتییە گشتییانەی خوارەوە و هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی.

بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشەدانان و ئاوەدانی کەلەڕووی دارایی و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچوون.

بەڕێوبەرایەتی گشتی پڕۆژەکان.

بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ کە لەڕووی دارایی و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ دەبێ.

بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپور کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان کە لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ و سەرپەرشتیارن لەسەر شارەوانییەکانی قەزا و ناحیەکانی هەرێم.

٥- سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم، سەرۆکی ئەم شارەوانیانە بە پلەی بەڕیوەبەری گشتی دەبن.

٦- دەستەی گەشتوگوزار خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆ و دارایی کارگێڕی دەبێت و پێك دێت لە:

سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی تایبەت کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەنی شارەزایی و پسپۆری بێت لەبواری گەشت و گوزار و سەرۆکایەتی دەستە دەکات.

نوسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبان کە بەلایەنی کەم هەڵگری بروانامەی بەرایی زانکۆیی دەبێت و ژمارەی فەرمانبەری یاریدەدەری دەبن.

بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکانی ئیدارە سەربەخۆکان.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستە کە بریتیە لە:

أ- کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.

و- بەڕێوەبەرایەتی بەبازاڕکردنی گەشتیاری.

ز- بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن وجۆری و پشکنین.

ر- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گشتی.

ح- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردن

أ- پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

سەرۆکی دەستە: سەرۆك ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە بەڕێوەبەرایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، دوو ڕاوێژکارانی وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن ئەندام، دەکرێن بە ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەندام، بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان ئەندام.

ب- بریکارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بە زۆرینەی دەنگ دەردەچێت کە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان بابەتەکە لەبەرژەوەندی ئەو لایەنەیە یەکلا دەبێتەوە کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە، ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە تەرخان کردنی زەوی دەبێت پەسەند بکرێت لەلایەن وەزیر.

ج- سەرۆكی دەستە دەسەڵاتی هەیە هەر پسپۆڕێك لەناو دەستە یان لە دەرەوە بانگهێشت بكات بۆ ئامادەبوون لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بۆ مەبەستەكانی ڕاوێژكاری لە كاتی پێویست بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك ئەیەوێ بۆ ماددەی/٤ گفتوگۆ بكات با ناوی تۆمار بكەین، ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی/٤ بكەن بریتین لە بەڕێزان/(كاك كاوە، كاك د.شێركۆ، كاك د.محی الدین، كاك سەركۆ، كاك دیاری، كاك د.اسماعیل، مامۆستا ابوبكر، هەلز خان، سەرچنار خان، كاك مم، مژدە خان، كاك عباس، كاك مسلم، مامۆستا شەمول، كاك عوسمان، كاك مەلا ناصر، خاتوو شیرین، شیرین امین، د.شایان، كاك علی، گولستان خان، گولستان سعید، سەوسەن خان، د.زیدان، گولستان خان، گولستان باقی، كاك هەڵكەوت، كاك ادریس، كاك مەلا وەیسی، نجاة خان) نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤ ) برگە (٣ و ٤) هەدووكا ڕاوێژكاران دڤێت ساڵێ خزمەتێ بهنە دیار كرن، دیتنا من (١٥) ساڵا كەمتر نەبیت ڕاوێژكارا، هەروەسا چوارەم/ بۆ بەڕێوبەرایەتیەت ڕێڤەرێن گشتی تڤیا دە ساڵا كەمتر نەبیت ساڵێت خزمەتێ، هەردووكا دا ساڵێت خزمەتێ نەهاتیە دیار كرن، د بهێنە دیار كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی (٤) بڕگەی (٤) خاڵی (٨) باس لەوە دەكات كە بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەكان لە پارێزگاكانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆكان لەڕووی داراییەوە خاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیە سەرپەرشتیارن لە شارەوانیەكانی قەزا و ناحیەكانی هەرێم، بەڵام لە زۆر شوێن لە گوندەكانیش شارەوانی هەیە چارەنووسی ئەوان چی لێ دێت؟ چونكە لێرە دیاری نەكراوە، هەروەها لەوەی پێنجەمیش كە باس لەوە دەكات سەرۆكایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاكانی هەرێم هەبێت، بەڵام باسی ئیدارە سەربەخۆكان نەكراوە، ئایا لەوێ ئەو سەرۆكایەتی شارەوانیانە ناكرێنەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی (٤) بڕگەی (٣) ڕاوێژكاران پێویستە شارەزا و پسپۆر بن و هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بن، لێرە دیار نەكراو لە چ بوارێك دا شارەزا بن، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەبێ ڕاوێژكاران ئەبێ شارەزایی لە گەشتوگوزار و شوێنەوار و ژینگە بێ، هەروەها لە خاڵەكانی بەڕێوبەرایەتی

گشتی هاتووە بۆ کردنەوەی هەر پرۆژەیەك گەشتوگوزار پێویستە بە ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشتی ژینگە بێت بۆ ئەوەی کە ژینگەی کوردستان بەو ئاستەی ئێستا نەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەڕێوبەرایەتی گشتی ژینگەی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) بڕگەی (٥) هاتووە دەڵێت سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم، سەرۆکی ئەم شارەوانییانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن، لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە هەمان کات دا ئیدارە سەربەخۆکان و وەزارەتەکان هەمان کار لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە وەکو پارێزگا تەعامولی لەگەڵ دەکەن، بۆچی لێرە تەنها پارێزگاکان هاتووە، بۆیە پێشنیار دەکەم و پێم باشە لەبڕگەی/٥ داهاتووە و دەڵێ سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم سەرۆکی ئەم شارەوانیانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بن لێرە ئیدارەی سەربەخۆکانی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز کلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤) برگا (١) خالا (٢) .برگا (٢)ی خالا (١ و ٢ و ٣و ٤) ئەڤە هەمی بەحی بڕوانامەیی کریت، د ڤان برگا و خالان دا دیار کری کو ئەو کەسێن کە ڤان بەرپرسیاریەتی وەرگریتن یان کار بکات ل بوارا دا دڤێت بڕوانااما زانکۆیی هەبیت و پسپۆر بیتن، پسیار بۆ لیژنا شارەوانی و گەشتوگوزار ئەڤەیە مادام پڕۆژەی گەشتوگوزارێ یە دڤێت بەحسا پسپۆریا کربا کا کیش دەرچوویان بخۆڤەدگریتن، چونکی دەما گۆت پسپۆر یەعنی موهەندس بخۆڤە گریت، پیڤەرە، موهەندسی چاندنییە، کۆمەکا بیاڤە بخۆڤەدگریتن، لەوما دڤێت تایبەت بەحسێ دەرچوویەن گەشت و گوزارێ ژی د ناڤ دا بهێتە بەحس کرن، مادام پرۆژەی گەشتوگوزارێیە، هەروەسا د خالا سێ بەحسا ڕاوێژکارای کری، کو بەرێوەبەرێن گشتی، ڕاوێژکار دڤێت پسپۆریا وی گەشتوگوزار بیتن و شارەزا بیتن، هەروەسا ڕێڤەبەرێن گشتیش سالێن خزمەتی ژی بهێنە دیاری کرن وەکی نەجات خانێ بەحسکری پشتگیریا وی دکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانم لەسەر ماددەی (٤) لە خاڵی (٣) کە پێشتر نەجات خان گولستان خانیش ئاماژەیان پێی کرد، پێویستە ڕاوێژکارەکان ١٥ ساڵی خزمەتیان ئاماژە پێ بکرێ، بەڕێوەبەری گشتیش دە ساڵی خزمەت بە پێی یاسا و عورفەکان هەیە ئاماژەی پێ بکرێ، بەڵام تێبینی ترم لەسەر

ڕاوێژکارەکـانە کە لە خـاڵی/٣ ئامـاژە بە ڕاوێژکارەکـان دەکـات، بەڵام لە خـاڵی/٥ ی ئەنجـومەنی دەسـتەی گەشـتوگوزار دا دەڵـێ دەبـێ دوو ڕاوێژکـاری وەزارەت کە لەلایەن وەزیـرەوە دەسـت نیشـان دەکـرێن بـۆ دەسـتەی گەشـتوگوزار، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، وەزارەت دەڵـێ چـوار ڕاوێژکارمان دەبێت هەبێت، وە وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار چـوار سـێکتەری سـەرەکی لەخۆی دەگرێت کە شـارەوانییە و ئـاو وئـاوەڕۆیە و گەشـتوگوزار و شـوێنەوارە، بـۆ دەبـێ لێـرە گەشتوگوزار تەنها دوو ڕاوێژکاری بۆ دابین بکرێ و سێ کەرتەکەی تر یەکێك لە کەرتەکـان بە بـێ ڕاوێژکار دەمێنێتەوە، ئێمە لە یاسای گەشتوگوزاریش کە ئامادەیە و هەفـتەی داهـاتوو دەخـرێتە بەرنامەی کار پێویستە بڵێین دەستەی گەشتوگوزار دوو ڕاوێژکاری هەبێـت، نەك دوو ڕاوێژکـاری وەزارەت، خاڵێکی تریش، خاڵی پێنجەم کە سەرۆکایەتی شـارەوانییەکانی ناوەنـدی پارێزگاکـانی هەرێم بە پـلەی بەڕێـوەبەری گشـتی بـن، بەڵام ئایـا لەڕووی یاساییەوە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی دە کرێـت کەسـێك پـلەکەی بەڕێـوەبەری گشـتی بێـت و سـەر بە بەڕێـوەبەری گشـتی پارێزگـاکەس بـێ کە هەمـان پـلەی هەیە؟ بـۆیە ئەوەش دەبـێ بە وردی دیراسـە بکـرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٤) بـڕگەی (١) لە ڕاسـتی دا مـن تێبینـیم لەسـەر وەزیـر و سـەرۆکی بـاڵای وەزارەتە و وەزیر خـۆی بەرزتـرین دەسـەڵاتی هەیە، ئایـا پێویسـتە ئەوە بنووسـرێ کە سـەرۆکی باڵای وەزارەتە، لە بـرگەی (٣) پشـتیوانی لە نەجـات خـان دەکەم سـەبارەت بە سـاڵانی خـزمەت، لەبـڕگەی (٦) خـاڵی (٥) باسـی ئەنجـومەنی بەڕێـوەبردن دەکـات کە پێکهـاتەی ئەنجـومەنی بەڕێوەبردن بەشێوەی خـوارەوە دەبـێ، سـەرۆکی دەسـتە، بەڕێـوبەراتی گشـتی گەشـتوگوزار لە پارێزگاکـان و ئیـدارە سـەربەخۆکان، لێـرە لە خـاڵ تـر دەڵـێ ڕاوێژکـارانی وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن ئەندام، چونکە ئەوە یاسایە خۆی دەبـی بەڕوونـی ئامـاژەی پـێ بدرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەو شـیوازەی لـێ بکرێـت، دوو ڕاوێژکـاری وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەستی نیشان دەکرێن دەبنە ئەنـدام لەو ئەنجـومەنە، بـۆ بڕگەکـانی تـریش بە هەمـان شێوازی لێ بکرێت، لەبـڕگەی/ب پێشـنیار دەکەم کە ڕسـتەی کۆتـایی بەم شـێوازەی لـێ بکرێـت، بڕیارەکـانی ئەنجـومەنی بەڕێـوەبردن بەزۆریـنەی دەنـگ دەردەچێـت لە کـاتی یەکسـان بـوونی دەنگەکان، بـابەتەکە لەبەرژەوەنـدی ئەو لایەنە یەکـلا دەبێـتەوە کە سـەرۆك دەنگـی بـۆ داوە لەو بڕیارانەی پەیوەستن بە تەرخان کردنی زەوی دەبێت لەلایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێ، نەك زەوی دەبێت پەسەند بکـری لەلایەن وەزیـرەوە بـۆیە پێشـنیار دەکەم بکـرێتە بە تەرخـان کردنـی زەوی لەلایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) برگەی (١) کە باسی وەزیر ئەکات، بەداخەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەم حکومەتە بە موئەسەساتی بکەین و یاساکە وابێ من پێم گرنگە ئاماژە بدرێ بە بڕوانامەی وەزیریش، بۆ ئەوەی وەزیرەکان لە ئاستێکی باڵایا ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتە وەربگرن بڕوانامەکەیان لایەنی کەم ماستەر بێ، لێرە ئاماژە دراوە بە نووسینگەی وەزیر بڕوانامەکەی زانکۆ بێ، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە بڕوانامەی وەزیر نەدراوە، سەبارەت بە ڕاوێژکاران پێم گرنگە لە برگەی (٣) پێویستە شارەزاو پسپۆر بن لە بواری ئەرکەکانی شارەوانی ڕاوێژکاران ئەبێ پسپۆر بن، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن هەر ئاماژە بدرێ بە بەکالۆریۆس چونکە بەرایی زانکۆیی پەیمانگاش دەگرێتەوە، نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر نەبێت و ماوەی خزمەتیان لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، ڕاوێژکار ئەرکەکەی زۆر قورسە لەبەرئەوە ئەبێ دیاری بکرێ کە کەسێکی تەواو شارەزا بێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٤ برگەی/١ خاڵی/١ پشتگیری لە گولستان خان دەکەم کە ناکرێ وەزیر بڕوانامەکەی دیاری نەکرێ، چونکە نووسینگەی وەزیرەکە بڕوانامەکەی دیاری کراوە کە دەڵێ دەبێ هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێ و بەڵام لە وەزیر هیچ دیاری نەکراوە، بۆیە پێویستە دیاری بکرێ کە لایەنی کەم ماستەر یان دکتۆرای هەبێ، سەبارەت بە برگەی/٢ بریکاری وەزارەت لەوێش دیسان پسپۆریەکە دیاری بکرێ، پسپۆری یاسا بێ، چونکە زۆربەی زۆری کارەکانی وەزارەت یاساییە، بۆیە پێویستە بریکاری وەزیر یاخود وەزیرەکە خۆی پسپۆریان لە یاسا هەبێ، سەبارەت بە برگەی/٣ ڕاوێژکارەکان پێویستە شارەزا و پسپۆر بن و لایەنی کەم ئەوانیش هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان ماجستێر بن، بۆ خاڵی/٥ پشتگیری د.زیدان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٤ برگەی/١ خاڵی/٢ پشتیوانی لە مامۆستا شەمۆل و گولستان خان دەکەم بۆ ئەوەی نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن، یەك/ پێویستە لە خاڵی یەکەمیش وەزیر بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی کەمتری نەبێ و هەروەها ئەو یاریدەدەرانەی بەڕێوەبەر، دووەم/ نابێ ئەوانەش نابێ شەهادەی زانکۆییان نەبێ کەوا یاریدەدەری وەکیلی وەزیرەکە ئەبن، دوو/ لە برگەی/٥ سەرۆکایەتی شارەوانی ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم سەرۆکی ئەم شارەوانیانە دەبن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، ئەم برگەیە بکرێت بە سەرۆکی شارەوانیەکانی ناوەندی پارێزگاکان و

ئیداره سەربەخۆكان ئەگەر ئەمە وای لێ بكرێ، بۆیە بەو شێوەیە بگۆڕدرێ ئەوە ئۆتۆماتیكی سەرۆكی شارەوانیەكانی ئیداره سەربەخۆكانیش دەبن بە ئەندام لە ئەنجومەنی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٤ بڕگەی/١ بەڕاستی منیش ئەو پرسیارەم بوو كە دەڵێت وەزارەت پێك دێت لە وەزیر یەكەم، دووهەم/ نووسینگەی وەزیر، سێیەم/ بریكاری وەزارەت، چوارە/ نووسینگەی بریكاری وەزارەت، یەعنی سەیری ئەم بڕگەی یەكەم و دووەمە بكەین بۆ هەموو ئەمانە دەڵێ جگە لە وەزیر دەبێت هەڵگری بروانامەی بەرایی زانكۆ بێت، دەكرێ پلەكانی دوای وەزیر هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بێ، بەڵام خودی وەزیر هەڵگری بڕوانامەی زانكۆ نەبێت؟ بۆیە بە هەمان شێوە منیش پشتگیری لە گولستان خان و تەواوی ئەو ئەندامانە دەكەم كە پێویست دەكات وەزیریش هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێ، سەبارەت بە بڕگەی/٢ خاڵی/١ بریكاری وەزارەت هاوكاری وەزیر دەكات لەڕووی ئاراستەكردنی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروبارەكانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەبەخشرێ دەبێت لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت، پێشنیار دەكەم كە بكرێت بە بڕوانامەی بەرایی پسپۆرایەتی زانكۆی هەبێت، سەبارەت بە بڕگەی/٥ سەرۆكایەتی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاكانی هەرێم سەرۆكی ئەم شارەوانیانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن، بەڵام ئاماژە بە ناوەندی ئیداره سەربەخۆكان نەكراوە، بۆیە پێشنیار دەكەم پۆلێن بكرێت بە پێی پلەی شارەوانیەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی/٤ بڕگەی/١ منیش پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە داوا دەكەن وەزیر بڕوانامەی لە بڕوانامەی زانكۆیی بەلایەنی كەمتر نەبێ، ناكرێ مدیر مەكتەبی وەزیر بڕوانامەی زانكۆ كەمتر نەبێ بەڵام وەزیر بروانامەی زانكۆی نەبێ كەمتری هەبێت، ئەوە بڕگەی یەكەم، لە بڕگەی/٣ ڕاوێژكارەكان یەك لە مەرجەكانی پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەكەم كە داوایان كردووە نابێ ساڵانی خزمەت كردنی لە ١٥ ساڵ كەمتر بێ، ئەمە زیاد بكرێت، ئەوەی تر لە بڕگەی/٤ كاتێك باسی بەڕێوبەرایەتیەكان دەكاتلە كۆی هەشت بەڕێوبەرایەتی گشتی چواریان دەڵێ كە لەڕووی داراییەوە خاوەنی كەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ بێ لەڕاستی دا ئەوە پێویست نییە لەبەرئەوەی وەزارەت خۆی خاوەنی دارایی سەربەخۆ دەبێ لە بوودجەی ساڵانە تەخسیسی بوودجەی بۆ دەكرێت، ناكرێت لە كۆی هەشت بەڕێوبەرایەتی گشتی چواریان خاوەنی دارایی سەبەخۆ بن و چواریان سەر بەوەزارەت بن و وەزارەت بۆیان دیاری بكات، بۆیە

باشتره هەموویان وەکو یەك بن بوودجەکە هەر لە وەزارەت بێ نەك چەند بەڕێوبەرایەتیەك خاوەنی دارایی سەربەخۆ بن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.شیرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەکو نوقتە نیزامیەکیش زیاتر ئەو تێبینیانەی کە دەیڵێین جوابمان دەست ناکەوێ نە بە بەڵێ نە بە نەخێر، جا خۆشبەختانە من لە ماددەی/٣ ماقبل ئەخیری کەس بووم، لەبەرئەوە هیواردارم تێبینیەکان لە ڕاپۆرتی جەنابتان دا بە حوکمی ئەوەی ماقبل اخیر کەس بووم، بۆ مەسەلەی هەڵسەنگاندن و شتەکان زۆر زۆر گرنگە ئەوانە بە واقعی هیواردارم، پشگیری لە وتەکانی گولستان خان و کاك کاوە و شیرین خان دەکەم، سەبارەت بە ماددەی/٥ برگەی/١ باس لەوەیە کە ئەڵێ بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەی بەرپرسیار نییە وەزیر بەرامبەر پەرلەمان؟ لەبەرئەوە جێی خۆی نییە بڵێین بەرپرسیارە بەرامبەر بە پەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانێکی بۆ زیاد بکەین، لە بڕگەی/٣ فەقەرەی/٥ دیسانەوە مەسەلەی هەڵسەنگاندنەکە دێتە پێشەوە کە دەڵێ بەڕێوبەرایەتی گشتی پلاندانان بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن ئاوا بۆی جێی بکەینەوە لە هەموو جێگەیەکی شیاوی خۆیدا بۆ ئەوە کە هین بێت، لە بڕگەی/٦ بە هەمان شێوە هـ/ بەڕێوبەرایەتی پلان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە هەمان شێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی /٤ ئەوەی کە زیاترە یەکەم/ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی ئاراستە کردنی سیاسەتەکانی سەرپەرشتی و چاودێری کردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و ئەوەی کە د.شێرکۆ باسی کرد یەعنی ئەڵێ بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران، گرنگە لێرە بەرپرسیاریەتی هەبێ لە بەرامبەر سوڵتەی ڕەقابی دا یان ئەوانەی کە چاودێری دەکەن لەسەر وەزارەت بە تایبەتی پەرلەمان وچاودێری، بڕگەی/٢ نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

لێرە پێویست دەکات تەحدید بکرێ یەعنی ئەو ژمارەیە چەندە یەعنی ناکرێت بەڕەهایی ژمارەیەك دیاری بکرێت و ئەو کاتە وەزیر لە پێویستیەکانی خۆی زیاتر دابین بکات، پێویست دەکات ئەو ژمارەیە بە تەحدیدی بۆی دیاری بکرێت چەندێکی پێویستە.

دووهەم/ بڕگەی/٢ نووسینگەی بریکاری وەزارەت فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، یەعنی ئەمە خۆتان دەزانن

پلەی بەڕێـوەبەر سـێ خاڵبەنـدیمان هەیە ئەوەی کە ئەقـدەم و ئەوانە، ئەوەش دیـاری بکـرێ زۆر گرنگە.

سـێیەم/ ئەوەی کە پەیوەسـتە بە ڕاوێژکارەکـان، پێویسـتە شـارەزا و پسـپۆر بـن، لایەنـی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر بێ، ئـێمە لێـرە ئەم چوار ڕاوێژکارە لەسەر چ ئەساسێك دانراوە کە هەشت بەڕێـوبەرایەتی گشـتیمان هەیە، خـاڵی/٦ نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر هەر لێرە دیـاری کـراوە ئەمەیـش، ئەوەی کە زیاتر مەبەستمە دیسان ئەڵێ ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەدەری بن، دەست خۆش.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست خۆش کاك سەرکۆ ئەگەر هەیە بە نووسین بینووسە، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، مـاددەی (٤) بـڕگەی/١ پشـتیوانی هەریەك لە بەڕێـزان کـاك د.شـێرکۆ و کـاك سـەرکۆ دەکەم دەبێت وەزیر لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها پەرلەمانیش دا بەرپرسـیار بێـت، ئەم بابەتە گرنگە، بـڕگەی/٢ نووسـینگەی وەزیـر فەرمانبەرێـك بەڕێـوەی دەبـات ئەم فەرمـانبەرە پۆستەکەی چی ئەبێت؟ بۆ پۆزشنەکەی دیاری نەکراوە؟ بۆ پۆزشـنی ئەوانەی دیـاری کـراوە هـی بریکاری وەزیر و بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە و دەستەکانی دیکە، بەڵام بۆ وی ئەم دیـاری نەکـراوە کە دەبێ دیاری بکرێ، ئەو خاڵی/٢ ژمارەی فەرمانبەر چەندە، یەعنی دەکرێت وەزیرێك بۆ نموونە ژمارە لە یەکەوە هەیە بێ کۆتا، یەعنی دەکرێ وەزیرێ بۆ نمـوونە بەدڵـی خـۆی سـەد فەرمـانبەر دابنێ، پەنجا فەرمانبەر دابنێ هەر کەسێکی ویست دایبنـێ، ژمـارە چەنـدە ژمـارە کۆتـایی نیـیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی دەبێ دیاری بکرێت ئەوا نەڕوات، خاڵی سێیەم ڕاوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆر بن لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکـۆ بـن پشـتیوانی هەمـوو ئەو هاوڕێیـانە دەکەم کە دەبێ شارەزاییەکەیان ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، دەڵـێ ژمارەیـان لە چـوار ڕاوێژکـار زیـاتر نەبێت، پرسـیارەکە ئەوەیە هەمووමـان بـۆ خۆمـان دەزانـین ڕاوێژکـار بە تـایبەت تەخەسوسـیان لەبابەتێکی دیاری کراو هەیە، هەندێ جار کۆمەڵێ شتی تایبەت و پێویست و ئانی دێنە پێشـەوە ئایا لەم کاتەیا ئەگەر ئەمانە تەخەسوسیان ئەوە نەبوو و پێویسـتیان بە ڕاوێژکـارێکی دیـکە بـوو لێرە تەواو قوفڵ کرا ئیتر ئەم وەزیرە بۆی نییە ڕاوێژکاریکی دیکە دابمەزرێنێ یان ڕاوێژکـارێکی دیکە بێنێت بە گرێ بەست بێ یان بۆ ماوەیەکی کاتی بێت بۆ ئەم بابەتی کە پێویستیان پێیەتی، لە خاڵی/٦ نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەبەری دەکـات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکـۆ بێـت و ژمـارەیەك فەرمـانبەری یاریـدەدەر دەبـن تکایە ئەبێ ژمارەکە دیاری کراوبێت، زۆر سوپاس،

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی/٤ بڕگەی/١ منیش هاوڕام لەگەڵ هەمـوو ئەو بەڕێزانەی کە دەبێت وەزیر پلەکەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، بە نیسبەت خالّی/٢ ی هەمان بڕگەوە نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێ، چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن بۆ نموونە کە نابێ لەسێ فەرمانبەر زیاتر بن، مدیری نووسینگە سکرتێر یەکێکی دیکە بۆ ئەوەی دەستی وەزیر کراوە نەبێ بە کەیفی خۆی نووسنگەکەی پانزە، بیست کەس دابنێ، بە نیسبەت بڕگەی/٣ شتێك هەیە حەز ئەکەم ڕوونی بکەمەوە هەم بۆ ئەم یاسایە هەم بۆ یاساکانی دیکە، لەلای ئێمە لە ناو فەرهەنگی کوردی دا ڕاوێژکار تەواو نییە، چونکە ڕاوێژکار ئەو پرۆسەی ڕاوێژکردن بە کارناهێنێ، پرۆسێسی ڕاوێژ پێ کردنە خۆی لەڕاستی دا ڕاوێژپێکار تەواو ترە ئەگەر لەناو یاساکان دوایی جێگەی بکەنەوەو من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەشی لێ بکرێ، پشتیوانی لە هەمـوو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەبێ پسپۆریەکانیان دیاری کراو بێ، سەرەڕای ئەوەی ساڵانی خزمەتیشیان دەست نیشان بکرێت، بە نیسبەت بڕگەی/٦ خالی/١ سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بێ بە پلەی تایبەت بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی بۆ سەرۆکی دەستە دیاری کراوە کە چوار بەڕێوەبەری گشتی ئەندامن تیایدا و سەرۆکی دەستەیە بەڕێوەبەری گشتی ئەندامن تیاییدا ئەم پلەی تایبەتە وا پێ ئەچێ سەرۆکی دەستەکە پلەکەی بریکاری وەزارەت بێ و ئەمە بە بارگرانیەکی دەبینم بۆیە پێویست دەکات دیاری بکرێ، سەرەڕای ئەوە لە بڕگەی/٢ ئەگەر دیقەت بدەن نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر ئەبێ کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی دەبێ، ژمارەیەك فەرمانبەری ئەبێت، بریکاری وەزیر لەبڕگەی/٢ خالّی/٢ بریکاری وەزیر تەنیا یەك مودیری نووسینگەی هەیە، بەڵام سەرۆکی دەستە لێرە چەند فەرمانبەرێکیش لە نووسینگەکەی ئەبێ هاوشانی وەزیر کە پێموایە دیسانەوە بارگرانییە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ماددەی/٤ بڕگەی/١ لە خالّی/١ وەزیر پێویستە بە بڕوای من شەهادەکەی دیاری بکرێ، سەبارەت بە خالّێ/٢ لە نووسینگەی وەزیر ئەوەش کە نووسراوە ژمارەیەك فەرمانبەر پێویستە ئەوەش تەحدید بکرێ، پشتیوانی هەمـوو ئەو بەڕیزانە دەکەم کە لەگەڵ ئەوەدان ژمارەکەی تەحدید بکرێ و دابنرێ بۆ ئەوەی وەزیر دەست واڵا نەبێ لە دانانی چەند فەرمانبەر بە ئارەزووی خۆی، خالّی/٣ ڕاوێژکاران ئەوشە مەفروزە پسپۆریەکەی دیاری کراو بێ و لەگەڵ ساڵانی خزمەتی چەند بێ یەعنی ئەوەش ساڵانی خزمەتی تێدا دیاری نەکراوە هەم پسپۆریەتەکەشی، خالّی/٤ بۆ بەڕێوبەرایەتیەکان ئەویش ساڵانی خزمەتی بۆ زیاد بکرێ، لە خالّی/٥ سەرۆکایەتی شارەوانی بەو شێوەیەی لێ بکرێ سەرۆکایەتی شارەوانی لەناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێم، سەرۆکی ئەم شارەوانییانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی

دەبن، چونکە ئێمە ئیدارەی سەربەخۆمان هەیە لە هەرێمی کوردستان بە تەنها پارێزگاکان نین، لە خاڵی/٦ بڕگەی/٢ کە دەڵێین نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر ئەوەش ئەو ژمارەیە مەتاتی نەبێ یەعنی ژمارەکە، تەحدید بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ئەوەی هەیکەلیەتەکەی وەزارەت کە چۆن پێك دێت، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سەرۆکی دەستە بێتە پێش یەعنی لەدوای خاڵی دووەم بێت، کە لەدوای بریکاری وەزارەت بێ نەك لە دوای ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی، چونکە لەڕووی پلە بەندی وەزیفیەوە لەوان پلەکەی بەرزترە، ئەوە یەك، دووەم/ پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وەزارەتی شارەوانی دوو بریکاری وەزارەتی هەبێت یەکێکیان بۆ کاروباری شارەوانییەکان ئەوەی تریان بۆ گەشتوگوزار و شوێنەوار بێ، پرسیارێکم هەیە لە بڕگەی/٥ کە باس لەوە دەکات سەرۆکایەتی شارەوانی لە ناوەندەکانی پارێزگاکان و سەرۆکی ئەو شارەوانیانەی کە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتین، ئەوە بەس پارێزگاکان دەکات، ئەدی سەرۆکی شارەوانییەکانی ئیدارە سەربەخۆکان پلەکانیان چییە؟ ئەوە پێموایە دەبی موعالەجە بکرێت، لە خاڵی/٦ /١ پێموایە دەبێ پلەی سەرۆکی دەستە دیاری بکرێ، پلەکەی دیاری نەکراوە ئەوانی تر پلەکانیان دیاری کراوە پێوستی بە دیاری کردنی پلەکەی دەکرێت، دەستە لە پلەبەندی وەکو گوتم بەرزترە ئەو خاڵەی کە پەیوەندی بە ئەوەکانەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پێموایە لە هەیکەلیەتی وەزارەت باشە کە وەکو پێشنیارم کرد دوو بریکاری وەزارەت یەکێکیان بۆ گەشتوگوزار و شوێنەوار ئەوەی تریشیان تایبەت بێ بۆ کاروباری شارەوانیەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبڕگەی/١ ی ماددەی/٤ پشتیوانی لە گولستان خان یو شیرین خان دەکەم، بۆیە پێشنیار دەکەم لە کۆتایی بڕگەکەدا بەو شێوەیەی لێ بکرێت لە کۆتایی دا، بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و لە پسپۆری وەزارەتەکەی بێت، سەبارەت بە بڕگەی ٣ لە کۆتاییەکەیدا بەو شێوەیەی لی بکرێت، وە ساڵانی خزمەتیان لە ١٥ ساڵ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/٤ برگەی/٣ ڕاوێژكاران پێویستە شارەزا و پسپۆر بن و لایەنی كەم هەڵگری وبڕوانامەی بەرایی زانكۆ، لێرە نووسراوە زانكۆیی ئەو (یی) لە ڕووی كەلیمەوە ئەبێ زانكۆ بن و نابێت ژمارەیان لە چوار ڕاوێژكار زیاتر بێ، هەروەها خزمەتیشیان لە دەساڵ كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاس بۆ لیژنەی تایبەت (لیژنەی شارەوانی) من چەند تێبینیەكم هەیە لەسەر ماددەی/٤ سەرەتا كە باس لە وەزیر وەكو سەرۆكی باڵای وەزارەت و دیاری كردنی بەرپرسیاریەتی وەزیر ئەكات، بەڕاستی وەك هاوڕێیان ئاماژەیان پێدا پشتیوانی قسەكانی مامۆستا شەمۆل و شیرین خان و كاك كاوە و برادەران دەكەم لە دیاری كردنی پسپۆری وەزیر كە سەرۆكی باڵای وەزارەتە ناكرێت وەزیر بەڕاستی پسپۆریەكەی دیاری كراو نەبێ تایبەت بە یاسایی یان ئەندازیاری بەهەمان شێوە پلەو بڕوانامەكەی دیاری نەكرێ كە لایەنی كەم ئەبێ بڕوانامەكەی یان ماستەر یان دكتۆرا بێ، هەروەها پشتیوانی بەڕێز برای خۆشەویستم د.شێركۆ ئەكەم كە دەبێ بەڕاستی وەزیر بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەمانی كوردستانیش وەك دامەزراوەیەكی رەقابی، ئەنجا لە خاڵی دووەم دا ئەڵێ نووسینگەی وەزیر ئەتوانێ ژمارەیەك فەرمانبەر و یاریدەدەری هەبێت بەڕاستی ئەوە ئەبێ دیاری بكرێ بۆ ئەوەی سنوورەكەی دیاری كراو بێ، لەخاڵی سێیەم دا كە باسی ڕاوێژكاران ئەكات ئینجا لە ئەم ڕاوێژكارانە خۆی لە چوار ڕاوێژكار دا دەبینێتەوە ئەمیشیان بەهەمان شێوە، هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی نووسراوە، ئەبێ بەراستی ئەمەشیان بڕوانامەكەیان دیاری كراو بێ بەلایەنی كەم ماستەر بێ ئەگەر دكتۆراش نەبن، چونكە ئەگەرهاتوو ئێمە لێرە تەعاروزێك دروست دەبێ ئەگەر وەزیر پلەكەی دیاری كراو نەبێ و ڕاوێژكارەكانیش ئەگەر ئەوانە هاوكار و پشتیوانیەكی باشی وەزیرن لە بەڕێوەبردنی وەزارەت ئەگەر ئەمانیش نەتوانن پسپۆری دیاری كراویان هەبێ لە ئەندازیاری لە ڕاوێژكاری و بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرایان نەبێ ئەی چۆن ئەتوانن بەڕاستی هاوكاری وەزیر بن، خاڵێكی دیكە كە لە شەشەم دا باس لە نووسینگەی سەرۆكی دەستە ئەكات، ژمارەیەك فەرمانبەر بە هەمان شێوە ئەگەر ئەوەش دیاری بكرێت......... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس بەڕێزان تێبینی ئەكەین لە گفتوگۆكان بەشێكی زۆری پێشنیارەكان دووبارەن، بۆیە ئەكرێ پشتیوانی بۆ ئەو هاوڕێیانەی پێشووترتان بكەن كە بابەتەكانیان خستۆتەڕوو، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پشتیوانی قسەکانی د.زیدان و شیرین خان و گولستان خان ئەکەم، بەڵام من یەك مولاحەزەم هەیە حەز ئەکەم لیژنەکە جوابم بداتەوە، ئێستا هەیکەلی تێکەڵیەکی گەورە لە هەیکەلیەتی ئیداری شارەوانییەکان دا هەیە بەپێی خاڵی/٥ ئەم تێکەڵیە زیاتر ئەبێ، بۆ نموونە ئێستا بەپێی خاڵی پێنجەم ئەم تێکەڵییە زیاتر دەبێت بۆ نمونە ئێستا قەزا و ناحیەکانی سلێمانی خۆیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیان هەیە، ناو سلێمانی بەڕێوەبەری هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرەکە راستەوخۆ رەبتە بە وەزارەتەوە، گەرمیان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی هەیە قەزاو ناحیەکان رەبتن بەوەوە، بەپێی ئەمە بێت کەوا ئەوەی ئیدارە سەربەخۆکان نامێنێت بەڕێوەبەرایەتییەکە کە ئێستا هەیانە، بەڵام ناوەندی شارەکان کە ئێستا بەڕێوەبەرە دەبێت بە بەڕێوەبەرایەتی، قەزا و ناحیەکانی دەوروبەریش بەڕێوەبەرایەتیەکی تریان بۆ دروست دەبێت، یەعنی بەبۆچوونی من ئەمە پوخت بکرێتەوە لەمە، ناوەندی پارێزگاکان، ناوەندی ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرایەتی گشتیان هەبێت، بۆنمونە ئێستا بازیان یان چوارقورنە یان کوێ سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشی شارەوانیەکانی سلێمانییە، بەڵام سەنتەری سلێمانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی نییە، خۆی راستەوخۆ سەر بە وەزارەتە، بۆیە داواکارم ئەمە رێك بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە راستیدا هەمان تێبینیەکەی کاك (علی) هەبوو لە برگەی پێنجەم و شەشەمدا، کاتێك کە باس لەمانە دەکەین ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لە ئیدارە سەربەخۆکان چۆن معالەجە دەکرێن، ئایا لیژنەی بەڕێز، لیژنەی قانوونی چۆن بتوانێ معالەجەی ئەو بابەتە بکات؟ ئیدارەکانی راپەڕین، ئیدارەکانی زاخۆ، سۆران، گەرمیان، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە چیان بەسەردێ؟ چارەنووسیان چۆن دەبێت؟ چۆن جیاوازی لەگەڵ ناو شارە گەورەکان دەکرێت؟ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم دەستەی گەشتوگوزار کە دەڵێ کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێت باشە کەسایەتی مەعنەوی دوای ئەوەی کەسێك بە پلەی تایبەت، ئەم پلە تایبەتە مەبەست لە چییە؟ بۆ تەعریف ناکرێت؟ چونکە خۆی بەڕێوەبەر لە ژێر دەستییەتی، بەڕێوەبەری گشتی، کەواتە ئۆتۆماتیکییەن تەحصیل حاصڵە کە بریکاری وەزیرە، بەڵام بۆ لێرە ئاماژەی پێناکرێت؟ من پێشنیاز دەکەم ئەمە بکرێت بە بریکاری وەزیر بۆ ئەوەی خۆمان لەوە رزگار بکەین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددە گەلەکی درێژە ئەز بێژم شەش دەقەش کەمن مرۆڤ ل سەر ڤی بابەتی، چار پەڕن، ژبەر هەندێ هەرکە توو وەختی بدەیە مە، ئەز ئەوەلەن پێشنیار دکەم ئەڤ ماددا ببیتە سێ ماددە داپیچەك بێتە دەرێ، پیچەك بیتە ناسین گەلەك چویە ناڤێ کرا ئەڤە تێبینیا منا یەکی، تێبینیا دوێ ئەز پشتەڤانیا کاك (مسلم)، کاك (دیاری)، (د.شێرکۆ) دکەم کو پێتڤیا وەزیر بەرپرس

بيت بەرامبەر پەرلەمان ئەو ژى بێت ئيزافەكرن، ديسا پشتەڤانيا خوشكا (گولستان)، برايێ (كاوە)، (د.شێركۆ)، خوشكا (مژدە)، برايێ (مسلم) كەم دڤێتن شەهادە بۆ وەزيرى ژى بێتە ديار كرن، مەعقول نينە بۆ موديرِ مەكتەبى بێتە ديار كرن بۆ وەزيرى نەهێتە ديار كرن، ئەڤا تێبينيا من يا دى، ئەز بينم تەبعەن پێويست ناكات بيژيت يەكەمە رەئسەن، ماددەى چارێ بيتە خال، (١،٢،٣،٤،٥) تێبينيا من يا دى ئەڤەيە بێژيتن بۆ وەزيرى هەيە صەلاحياتێت خو، دەسەلاتێت خو بداتا هەندەكا، ئەخير بێژيتن يان بەرپرسانى پێكهاتەكانى وەزارەت، ئەڤە دبيتە جهێ ناكۆكيا خيلافێ بەحسى كيش بەرپرسانە، بەحسێ موديرِ عامايە،؟ بەحسێ مەسئول بەشايە، بەحسى كێيە، ئەگەر ئەڤە بێتە جهێ وێ يان ئەوێ گونجاى ببينيت، (أو من يراه مناسبا) دا جهێ خيلافێ تێدا چێ نابيتن، تێبينيا من يا دى ئەڤەيە ئەزى دبينم ئەز پشتەڤانيا (د.محى الدين) دكەم فعلەن پێتڤى محتاجى دوو وەكيل وەزيرايا داهەر يەكى پسپۆريەكى، ئيختصاصەكى وەرگرى تەقريبەن، چونكى ئەڤ وەزارەتە پێك دێتن ژشارەوانييەك ژى پێك دێتن گەشتوگوزارى ژى ئەگەر دوو وەكيل وەزير بن دهەر وەكيل وەزيرەك موختەص بيتن پێكى (الله اعلم)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تايبەت بە بڕگەى يەكەم لەسەر وەزير، منيش هەر پشتگيرى لەو بەڕێزانە دەكەم كە بڕوانامە دياريكراو بێت، لە خاڵێكدا لە دێرى چوارەمدا دەڵێت وەزير بۆى هەيە بەشێك لە دەسەڵاتەكانى خۆى بسپێرێت، يەعنى ئەمە شتێكى جياوازييە، ئەى ئەگەر نەيسپارد بەتايبەت ئێستا وەزير لە حزبێكە و بريكارەكەى لە حزبێكى ترە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتى پێنەدا دەبێت بە بنديوار، ئينجا بريكارى وەزيريش كارى بۆ ديارى نەكراوە لێرە، يەعنى ئەگەر بێتە سەر بڕگەى دووەم سەيرى بكەى بريكارى وەزير كارى بۆ ديارى نەكراوە، ئەگەر وەزير صەلاحيەتى نەداتێ هيچ ئيشێكى نامێنێت دەبێت بۆخۆى دانيشێت، بڕگەى دووەمى نووسينگەى وەزير يەعنى چى من تێناگەم بڕوانامەى بەرايى زانكۆيى، بەرايى زانكۆيى حەز دەكەم تەفسيرێكمان بۆ بكەم.

ئێمە شەهادەى بەكالۆريۆسمان هەيە، بڵێ بەكالۆريۆس بەرايى زانكۆيى من لە هيچ كوێيەكا نەبينيوە، بەكالۆريۆس هەيە، دكتۆرا هەيە، ماستەر هەيە، شەهادەكانى تر هەيە، بەڵام بەرايى، بەرايى يەعنى چى؟ بوترێت ئەو بەراييانە لە هەر كوێيەكى ئەم پێشنيارە بەڕاى من بكرێت بە بەكالۆريۆس باشترە، ئەو بڕگەى دووەمەش كە ژمارەيەك فەرمانبەرەكانى بۆ تەحديد بكرێت هەر ئاوا نەيەت ئەگەر سێ دانە، چوار دانەيە بەپێى پێداويستى ئەو نوسينگەى وەزيرە بۆى دايارى بكرێت، بڕگەى دووەم وەكو وتم دەبێ ئەركەكانى بريكاريش ديارى بكرێت، بۆ ئەوەى ئەويش بەرچاو روون بێت چ ئەركێكى هەيە، خاڵێكى تر لە سێيەمدا پسپۆڕى ئەو راوێژكارانە ديارى بكرێت، پسپۆڕيەكانيان جيا جيا بن، ئەو دەڵێ بەپێى پسپۆڕى دەبێت پسپۆڕيەكانيان جياواز بێت چونكە ئەم وەزارەتە كار لەسەر شوێنەوار دەكات، كار لەسەر گەشتوگوزار دەكات، كار لەسەر بەشەكانى ترى شارەوانى دەكات.

خاڵێکی تر بڕگەی شەشەم کاتێك کە دێیت باسی دەستەی گەشتوگوزار ئەوە لێژنەی شارەوانیش خۆیان باش دەزانن هەفتەی داهاتوو ئێمە پێشنیازە یاسایەك دێتە ناو پەرلەمانەوە لەسەر دەستەی گەشتوگوزار لێرە کە دێتەوە باسی دەستەی گەشتوگوزار دەکات، باسی پێکهاتەکەی دەکات ئەوە یەعنی تێکەڵاوییەك دروست دەبێت لە بەینی هەردوو یاسادا، دەبێت ئێمە خاڵ بە خال بزانین تەزاروب دروست نەبێت لە یاسای گەشتوگوزاردا کە هەفتەی داهاتوو لەگەڵ ئەمە، دەکرا هەر بەشێوەیەك وەکو چۆن لە (رؤوس نقاط) بە عام باس کرایە دەستەی گەشتوگوزار نەك بێتە سەر ئەم وردەکاریانە لە چی پێك دێت و چەند کەس و چەنێکی بۆ تەحدید دەکرێت، بۆ ئەوەی دروست نەبێت...........................

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو، سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم منیش تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی کە دەبێت فەرمانبەرەکانی نووسینگەی وەزیر دیاریکراو بن، لەسەر بریکاری وەزیر لەکابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمەوە ئەم کێشەیە هەیە و جۆرەها ناونرا لە بریکاری وەزیر، بریکاری وەزیر تەنها خەڵات و پاداشتدانەوە هەندێ کادیری حزبییە، لەم کابینەدا من دوو بریکاری وەزیر خۆیان پێیان وتم یەکیان وتی لەگەڵ تیمی حکومەتی حزبەکەی خۆیدا وتوویەتی ئەوەندە حیسابم بۆ ناکرێت، پەنجەی ئاوا بەرز کردۆتەوە، من ساڵێکە لەم لێژنەیەشم بەراستی چەندین کۆبونەوە و دانیشتنمان کردووە تا ئێستا بریکاری وەزیرم نەبینیوە، بۆیە بریکاری وەزیر ئەگەر هەیە دەبێت سەڵاحیەتەکانی دەستنیشان بکرێ، نەك چاوەڕێی مەرحەمەتی وەزیر بکا، خۆشتان دەزانن کاتێك کە وەزیر پێی ناکرێت بە کارەکانی هەڵسێت، چونکە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانە وەزیرێکی تر کارەکانی رادەسپێرێت، دووەم لە خاڵی سێیەمدا پشتگیری (نجاة) خان دەکەم کە دەبێت ساڵانی خزمەت دە ساڵ و پازدە ساڵ بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان راوێژکارەکان بەراستی تەحدید بکرێت، ئەخیر خاڵ من پێم وایە ئەنجومەنی وەزارەت دەبێت بەشێك بێت لەم پێکهاتە پێویست بە ماددەیەکی سەربەخۆ ناکات، چونکە لە ماددەی یەکەمدا پێناسەی کردووە کە ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارتی شارەوانی و گەشتوگوزارە کە دوو ئەنجومەنی هەیە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەگەڵ ئەنجومەنێکی راوێژکاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (جلال پەرێشان)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن ماددەی دووەم قسەی لەسەر دەکەم بەراستی یەعنی ماددەی چوارەم، دووەم، ئەمن بە پێچەوانەی راوبۆچوونی زۆریانم بەراستی پۆستی وەزیر پۆستێکی سیادی گەورەیە، ئاساییە ئەگەر بڕوانامەی نەبی، لەوانەیە پێشمەرگەی بووبی لە چیا پازدە ساڵ، ئەوکات فشاری لەسەر بووە رۆیوە ئەو لە چیا بووە شۆرشی کردووە ئێمە لێرە بڕوانامەمان وەرگرتووە، زۆر ئاساییە بێ

بڕوانامە بی وەزیر یەك، دوو بریكاری وەزیر دەڵێ هاوكاری وەزیـر دەكـات بەراسـتی وەزارەتێـك ئەو هەمووهەشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە دوای ئێمە هەمووشمان دەزانین هیچ شتێك بە بێ بەرێوەبەری گشتی دیوان ناڕوات، ئەمە هەموو شتەك دەڵـین ئەگەر شـتەك بـارگرانی دارایـی هەبی با نەبی، بریكـاری وەزیـر ئەحەلقەكـی وەسـتی زیـادە، بەراسـتی زیـادە، یەعنـی نەسـریەی تـایبەت و ئۆتـۆمبێلی تـایبەت و پاسـەوان و شـوفێر و بەراسـتی بە مەزەنـدەی ئـێمە زۆر زیـادە، دیسان دەڵێمەوە هیچ شتێك بە بێ بەڕێوەبەری گشتی دیوان ناڕوات، یەعنی بریكـاری وەزارەت ئەو حەلەقە زیادە بەراستی بەمەزەندەی مـن ئەوەی دووەم زیـادە و هەر نەمینێـت باشـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

(هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت مـاددا (٤)، یەكەم پاڵپشـتیا وان بەڕێـزا دكەم ئەڤێـت ئامـاژە بهەنـدی كـری كـو پێتڤیـا بڕوانامـا وەزیری بێتە دەستنیشانكرن چونكی ئێمە وەزیـرێ هەی بڕوانـامە ئیحتمـالایە ئامـادەیی ژنەبیتن، سەبارەت خالا دوی نڤیسینگەها وەزیـری ئەو فەرمـانبەرا بێـنە تەحدیـد كـرن، پاڵپشـتیا وان بەڕێزا دكەم ئەڤێت دگەل هەندێـدا كە هژمـارا وان فەرمـانبەرا بێـتە دەستنیشـانكرن، مـاددا دووەم سەربریكارا وەزارەتێ هەندەك وەزارەتا دوو بریكارێت هەی، هندەك وەزارەتا ئێكـێ هەی، لڤێرێ پێتڤیا دوو تشت بێـنە كرنـێ پێشـنیارا مە ئەڤەیە، ئێـك ئەركـی بریكـارێ وەزارەتـێ چیـیە یەعنی راستە دخالا ئێكێدا ئاماژە پێكری بەس ئەگەر وەزیری ئەو دەسەڵاتە نەدانی دمینیـتە بـێ دەسـەڵات، دوو هژمـارا وانـا ژبێـتە دەستنیشـانكرنێ، سـێیەم سـەبارەت راوێژكـاران لڤێـرێ چـار راوێژكار گەلەكن یەعنی ئەڤە خـر تەكلیفـا مـاددییە لسـەر حكـومەتی بـۆچی بـۆ وەزیرەكـی چـار راوێژكار بێنە دان بەرێ نوكە خالا پەیرەویدا من ئاماژە پێكر ئیكیشـوان چـار راوێژكـاران لەهجـا بادینی نزانیتن، ئەڤ چار راوێژكارە بدیتنا من زێدەنە، چوارەم خالەكادیتر بێتە ئیزافەكرنێ سەر خالا حەفتێ بەرێـوەبەرایەتی گشـتی بـاخچە و پاركەكـان، چـونكی نـوكە بـاخچە گەلەك بەرفـرە بووین و پارك ژی رۆژانە یـێ دهێـنە دروسـتكرنێ، لـبەر هنـدێ ئێكـا دی بێـتە ئیـزافە كرنـێ خـالا شەشی سەروكێ دەستێ پلا وی نەهاتیە دیاركرنێ پێتڤیا پلا وی بێتە دەستنیشانكرێ، هەروەسا شەشەم، دووەمیشدا ئاخر ژمارەیەك فەرمـانبەر یاریـدەدەری دەبـن، ئایـا چەنـدن؟ لڤێـرێ پیتڤیـا بێتە تەحدیدكرن هژمارا وان فەرمانبەرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤)، بـڕگەی یەكەم پشـتگیری خـانوو (نجـاة) دەكەم، هەوەهـا سـەبارەت بە مـاددەی (٤)، بـڕگەی سـێیەم پشـتگیری (نجـاة)خـان، (گولسـتان) خـان، دەكەم، هەروەهـا بـڕگەی

پێنجەم پشتگیری (شیرین) خان دەكەم، بڕگەی شەشەم پشتگیری (دیـاری انـور) دەكەم، لە كـۆی قسەكانی كاك (مم) پشتگیری دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی تایبەتمەند ئەگەر وەڵامێك، روونكردنەوەیەك، كاك (لقمان)، فەرمووە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێ پرسیاری خوشك و براكانمان كە ئاماژەیان پێكرد سـەبارەت بە دیـاریكردنی چــوار راوێژكــار، وەزارەت دوو راوێژكــار، وەزیــر دوو راوێژكــار رادەســپێرێت بــۆ دەســتەی گەشتوگوزار مەرج نییە ئەو راوێژكارانە هەموو كارەكانیان تایبەت بێت بە دەستەی گشتوگوزار، رەنگە لەبوارەكانی دیشدا سوودی لێببینێ، سەبارەت بە فراوانی بابەتی وەزارەتـی گەشـتوگوزار لە ماددەی (٥،٦) دەسەڵات دراوەتە وەزیر كە بانگێشتی هەر كەسێكی شارەزاو و پسپۆر بكات بـۆ كۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ راوێژكردن، بەڵام مافی دەنگدانیان نابێت، دیسان لە ماددەی (٦) دەسەڵات دراوەتە وەزیر بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ هەر كەسێكی شارەزا لەناوخۆی هەرێـم یان لە دەرەوەی هەرێم بكات بۆ ئەوەی كە بتوانێت پرس و راوێژی پێبكـات بـۆ یەكێـك لە پرسـە گرنگەكانی وەزارەت.

سەبارەت بە وەزیر بەرپرس پێت بەرامبەر پەرلەمان، بەڕێزان كۆی حكومەت بەرپرسـە بەرامـبەر بە پەرلەمـانی كوردسـتان بـۆیە پێویسـت ناكـات ئـێمە لە یاسـای وەزارەت ئامـاژەی پێبـدەین، ســەبارەت بە چەنــد بەڕێــوەبەرایەتییەك لەڕووی دارایــیەوە خــاوەن كەســایەتی مەعــنەوی و ســەربەخۆن ئەمـانە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتین لەسـەر ئاسـتی وەزارەت، لە پارێزگاكـان و ئیـدارە سـەربەخۆكان بەڕێـوەبەرایەتی گشـتیان نیـیە وەكـو بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شـوێنەوار وەكـو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئـاوەڕۆ وەكـو بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی نەخشـەی ئـاوەدانی ئەمـانە تەنها لەسەر ئاستی وەزارەت بەرێوەبەرایەتی گشـتی سەرپەرشـتی كـۆی بەشـەكانیان دەكەن لە پارێزگاكـان و ئیـدارە سـەربەخۆكان بـۆیە خـاوەنی كەسـایەتی مەعـنەوی سـەربەخۆی دارایـین، بـابەتێكی تـر سـەبارەت بە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شـارەوانییەكان لە پارێزگاكـان پێویسـتە روونكردنەوە لەسەر ئەو پرسە بدەین بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، شارەوانی هەولێر سەنتەری شار پێـك دێـت لە شـەش شـارەوانی، شـارەوانی سـلێمانی سـەنتەری شـارەكەی پێـك دێـت لە پێـنج شـارەوانی، سـەرۆكی شـارەوانی پارێزگـاكە سەرپەرشـتی ئەو شـەش شـارەوانییە و ئەو پێـنج شارەوانییە دەكـات بـۆیە سـیفەتەكەی بە بەڕێـوەبەری گشـتی دانـراوە، بـۆ سـەرۆكی شـارەوانی ئیدارە سەربەخۆكانی تێدا نییە چـونكە ئیـدارە سـەربەخۆكان لەڕووی پێكهـاتەی جـوگرافی یەك شارەوانین دابەش نەكراوە بۆ چەند شارەوانییەك بۆیە بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكان لە ئیدارە سەربەخۆكان كە سەرپەرشتی شارەوانییەكانی قەزا و ناحیەكان دەكەن، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكان لە سەنتەری پارێزگاكـان هەیە كە سەپەرشـتی شـارەوانییەكانی دەرەوەی سەنتەری شار دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (عباس)، فەرمووە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من وەکو ئەندام ویستم قسە بکەم، ناوم نوسیبوو، بەڵام بەداخەوە، من دەمویست لەسەر ماددەکان ئەگەر وەزارەت بهاتنایە قسەم بکردایە، چونکە هەندێك بابەت هەیە قسە بۆخۆمان دەکەین لەبەر ئەوەی ئێمە لە لیژنەکەش حکومەت نەهاتبوو قسەی لێبکەین، من سەبارەت بە بڕگەی چوارەمی هەمان مادده ئەم هەشت خاڵەی کە لەدوو یەك ریز کراوە هەندێك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەسەڵاتیان پێدراوە لەرووی مالی و سەربەخۆیی و کەسایەتی مەعنەوی بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان پێم وایە ئەمە زیادە چونکە ئەوان سەر بە وەزارەتن و وەزارەت کەسایەتییە سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتە مالیەکەیە، سەبارەت بە خاڵی هەشتەمیان ژمارە هەشتی ئەو بڕگەی چوارەمە لەگەڵ بڕگەی پێنجەمیان من پێم وایە ئەمە بکرێتە بڕگەی پێنجەم من بەزیادی دەزانم لە دوو شوێن هەمان بابەت دووبارە کراوەتەوە، سەبارەت بە خاڵی مەسەلەن پلەیەکی تایبەتی دەبێت، لێرانە لەبەر ئەوەی ئەم خۆی بەرپرسە لە چەندین بەڕێوەبەری گشتی، خۆی ئۆتۆماتیکییەن دەبێت یان پلەکەی بەرزتربێت دەنا ناتوانێت بەڕێوەبەری ئەو هەموو بەڕێوەبەرە گشتییە بێت، بەڵام لێرە دیاری بکرایە لەوانەیە نەبوایە جێی ئەم پرسیارانە، ئەمە وەکو ئەندامێك لەسەر بابەتەکە قسەم کرد، مادەم حەقە ئەو حەقەش بەخۆم بدەم هەندێك وەڵام هەیە بیدەمەوە وەکو لیژنە مادەم وایە، بەگشتی تەوزیح کردن، سەبارەت بە وەزیر دەبێت شەهادەی هەبێت، راستە من لەگەڵ ئەوەمە مادەم بەڕێوەبەری گشتی دەبێ وەزیر شەهادەی زانکۆی هەبێت، بەڵام ئەمەیان پەیوەندی بە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە دەبێت ئەمە ناکرێت بۆ وەزیرێك بێ بۆ هەموو وەزیرەکان، ئەم یاسایە تایبەتە بە یەك وەزارەت پێویستە لەوێ ئەمە چارەسەر بکەین نەك لێرانە بەراستی ئێمە بۆ یەك وەزیر تەحدیدی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٥) بخوێننەوە، کاك (بژار)، ملاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا هەندێ پرسیار هاتوونە یەك دوو روونکردنەوەشە، بەس بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل تۆمار بکرێت لە لاپەڕەی (٨) کە دێین باسی دەستەی گەشتوگوزار دەکەین خاڵی (أ) هەیە، ئەوەش بەڕێوەبەرایەتییە بۆ ئەوەی پێویست نەکات لە راپۆرتی دەنگدان بە پێشنیارێکی تر، بەبێ پێشنیاریش بێت ئیحتیماله ئەندامان گلەیی بکەن بۆ لیژنە لە خۆیەوە وەی کردییە بۆ ئەوەی جەنابتان ئاگادار بن، بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان، چونکە لەوێ بەڕێوەبەرایەتی نەهاتووە، تێبینی دووەم لاپەڕەی (٩) پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ، دووەم کە دەڵێت (بەڕێوەبەرانی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان- ئەندام) چونکە ئەوە سەرۆك و ئەندامانی ئەم پێکهاتەن، ئەندامی کەمە لێرە.

سـەبارەت بە بەڕێـوەبەری گشـتی کـارگێری و دارایـی و یاسـایی دەسـتەی وەبەرهێنـان بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٦) لە ماددەی دەیەمدا هـاتووە باسـی هەیکەلیەتی دەستە دەکات، لەوێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دەستەکەدا نییە، فەرمانگە هـاتووە، فەرمانگەکەش بەم شێوەیە هـاتووە، کاروبـاری یاسـایی و کـارگێری و دارایـی، نەك وەکـو ئەوەی ئێستا کارگێری و دارایی و یاسایی، ئەوەکـی تـریش دەکەیـن لەگەڵ لیـژنەی تایبەتمەنـد بەس بـۆ بەرچاوڕوونی بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل تۆمار بکرێت، بە سـەریعی ئەو پرسـیارانە ئاراسـتەی ئـێمە کراون، سەبارەت بەوەی بەڕێـز مەلا (ویسـی) بەڵـی و تۆمـاتیکی شـارەوانییەکانی قەزا ئیشـراف لەسەر شارەوانییەکانی خواروتر دەکەن، سەبارەت بەوەی (نجاة) خان پەیڕەو دوو جاری تـریش لەنـاو جەلسـە ئاماژەمـان پێـدابوو، پەیـڕەوی تـایبەت لە ئەنجـومەنی وەزیـران دەرچـووە سـاڵی (٢٠٢٠)کە تەمەن و سـاڵانی خـزمەت و پسـپۆڕی و اختصـاص و باوەڕنـامەی تێـدا دیـاریکراون، پرسـیاری (د.زیـدان) هـیچ کێشـەیەك نیـیە، چـونکە ئـێمە لە هەیکەلیەتـی وەزارەتە بەڕێـوەبەری گشـتی راسـتەوخۆ سـەر بە وەزارەت دەبـی نەك سـەر بە بەڕێـوەبەرێکی گشـتی لە وەزارەت، سەبارەت بەوەی بەڕیز کاك (د.اسماعیل) عادەتەن هەیکەلیەتی وەزارەت بی یان دەستەیەك بێت هەمووی چەند درێژیش بێت هەمـووی کـۆدەکرێتەوە لە یەك مـاددەدا، چـۆن دەڵـێن (غیـر قـابلە للتجزئە) ناتوانین بیکەینە چەند ماددەیەك، چونکە هەیکەلییە پێك دێت دەبێـت لە یەك مـاددەدا دیاری بکرێت، سـەبارەت بەوەی (سـەرچنار) خـان ئاگامـان لێـیە وە هەفـتەی داهـاتوو ئەگەر ئەو راپۆرتە هاتە خوێندنەوەی دووەم ئاگامان لێیە و لەبەردەستمانە، تەئکیدیشمان کردییە بۆ ئەوەی هیچ تەزاروبێك دروست نەبیت لەنێوان ئەم یاسایە و ئەو راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەنـد سـەبارەت بەوەی گەشتوگوزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٥) بەرێزان، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: وەزارەت ئەنجومەنێکی دەبێت کە پێك دێت لە:

١-وەزیر/ سەرۆك.

٢-بریکاری وەزارەت/ ئەندام.

٣-سەرۆکی دەستە/ ئەندام.

٤- راوێژکاران/ ئەندام.

٥- بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت/ ئەندام.

دووەم: وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك لەناو وەزارەت یـان لە دەرەوەی بانگێشـت بکـات بـۆ ئامادەبوون لە کۆبونەوەکـانی ئەنجـومەن بەمەبەسـتی راوێژکـاری لەکـاتی پێویسـت بـێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

سێیەم: ئەنجومەنی سکرتێرێکی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە کارگێرییەکان لەلایەن وەزیـرەوە دیاری دەکرێت.

چوارەم: کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن یـان لەکـاتی پێویسـتدا سـاز دەکـرێن بە بڕیـاری وەزیر.
پێنجەم: ئەنجومەن تـاوتوێی پلانەکـانی وەزارەت و کێشـە و گرفـت و بەربەسـتەکانی دەکـات و راوێـژ و پێشـنیارەکان پێشـکەش بە وەزیـر دەکـات بە ئامـانجی بەرەو پـێش بردنـی توانسـتی وەزارەت و بەرز راگرتنی ئاستی خزمەتگوزاریەکان و لابردنی بەربەستەکان.
شەشـەم: کۆنووسـی کۆبونەوەکـانی ئەنجـومەن وەك بڕیـاری وەزاری هەژمـار دەکرێـت دوای پەسەند کردنی لەلایەن وەزیر.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێـزان بـۆ مـاددەی (٥) هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت گفتوگـۆ بكـات بـا دەسـت بەرز بكـاتەوە، بەڕێزان ئەوانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٥) بکەن، کاك (دیاری)، کـاك (سـەرکۆ)، کـاك (د.اسماعیل)، مامۆستا (ابوبکر)، مامۆستا (عمر)، کاك (بالانبو)، کـاك (رزگـار)، کـاك (یاسـین)، کـاك (بەڵێن)، کاك (د.ریبوار)، کاك (چیا) کاك (شێخ ظاهر)، (نجاة) خان، (نجاة) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسـیارا مـن نە هنـدە زانسـتییە ئەوی دیـیە بەس دێ پتـر رامـانێ وێ دیـار بیـتن هەکە ئەودی سـەبارەت مـاددێ پێنجـێ، یەکەم یـا ئێکـێ وەزیـر(:) بیـت نە (-) بیـت، چـونکی رامـانێ وێ بە دروستاهی ناداتن، هەکا شاریحەبیتن، تشتی چە وەکو نوکا مە پێناسـە دکەیـن بـدایەتێ دبێـژین وەزیر یەعنی مەسەلەن هەرێم، هەرێمی کوردستان-عێراق، ئیلتیباسەك چێببیت باشترە (:) بیـت نە (-) بیت بەس بۆ هندێیە، پتر بوو رامانێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ( شێخ ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینـی مـن لەسـەر خـاڵی سـێیەم، ئەنجـومەن سـکرتێرێکی دەبێـت بـۆ جێبەجێکردنـی کـارە کارگێرییەکـان و لەلایەن وەزیـرەوە دیـاری دەکرێـت، لێـرە ئەو سـکرتێرە کە دیـاری کـرایە کـاری کارگێری دەکات بەس بڕوانامە دیاری نەکرایە، بڕوانامە مەرج نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینـیەك هەبـی لسـەر خـالا سییێ ئەنجـومەن سـکرتێرێکی دبێـت بـۆ جێبەجێکردنـی کـارە کارگێرییەکان و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت، مـن پـێ باشـە ئەڤ خـالە بێـتە لادان چـونکی هەبوونـا سـکرتێرەکی زۆر زۆر زیـادەیە چـونکی هەر وەزیرەکـی مـودیر مەکتەبەکـی یـا هەی،

سکرتێرەکی هەی هەموو کۆمبونادا مودیر مەکتەبا یان سکرتێر بەشداری هەموو کۆمبوونا کرن و کاری ئیداری بڕییە، مودیر مەکتەبی وەزیری بەڕێڤە چیتن، ئەز بینم ئەڤە درێژکرنا بەس پرۆژە یاسایە من پێ باشە خالا سییەم بێتە راکردنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە ئەو ماددەیە بۆ خۆی گرینگە بوونی ئەنجومەنێك بۆ راوێژکاری، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەنجومەنێکیشمان هەیە لە مادده (٤) باسکرایە، لە ماددەی یەکیشدا لە پێناسەکان باسکرایە، ئەنجومەنی راوێژکاران کرایە دیاری کرایە کە کارەکانی چییە، پێشکەشکردنی کۆمەڵێك پێشنیارە بۆ ئەو بابەتانەی کە دێنە پێشەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر تەنها ئەو ماددەیە یان ئەو ئەنجومەنە ئەرکەکانی بریتی بێت لە پێشکەشککردنی پێشنیار بێ ئەوەی کە بڕیار وەربگیرێت، دیار نییە بە چ میکانیزمێك خۆی دیار نییە کە وەربگیرێت باس لە بڕیار نەکراوە تەنها پێکەشکردنی پێشنیارە، ئەگەر وایە ئەوە زیادە تەنها ئەنجومەنی راوێژکاران کیفایەتە ئەمە یەك، دوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەنها بۆ تەوزیح یەکێك لە هەڤاڵان باسی ئەوەی کرد کە شەهادەی بەرایی، خۆی شەهادەی بەرایی دیارە مەبەستی بەکالۆریۆسە، بەکالۆریۆس بە شەهادەی بەرایی هەژمار دەکرێ، هەر بۆ تەوزیح، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پەرلەمانەوە متمانەی وەرگرتووە لە ژێر رۆشنایە ئەو بەرنامەی کارەی کە بۆ پەرلەمانتارانی خوێندەوە، ئەگەر سەیری بەرنامەی کارەکەی ئەوان بکەین کە یەکێك لە بەرنامەی کارەکان شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو، بەڵام ئەم یاسایە ئەگەر سەیری بکەی سەرجەم دەسەڵاتەکان دراوە بە وەزیر، یەك کەسی دیکە دەسەڵاتی نییە، لێرانە سەیر بکەین ئەنجومەنێك دانراوە تەنها وەزیر دەسەڵاتی هەیە، سەیری بڕگەی یەکەم بکەن وەزیر دەسەڵاتی هەیە، سەیری بڕگەی دووەم بکەن لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت، چوارەم بە بڕیاری وەزیر دەبێت، پێنجەم پێشنیارەکە پێشکەش بە وەزیر بکرێت، شەشەم پەسەند کردن لەلایەن وەزیرەوە دەبێت، ئەم ئەنجومەنە ئیشی چییە؟ ئایا لە وەزارەتێکدا ئەگەر دەسەڵاتەکان شۆڕ نەکرێتەوە بۆ خوارەوە ئەم دەسەڵاتانە چۆن شۆڕ دەکرێنەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان! لەبەرئەوە بەراستی حەق وایە ئێمە ئەم یاسایە لابەین تەنها یەك دێر بنووسین، بنوسین (وەزیر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وەزیری هەیە) ئەم یاسایە هەموو مەفهومەکەی ئەوەیە، من سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥)، بڕگەی چوار، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن یان لەکاتی پێویست ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر، من پێشنیار دەکەم بۆ تەنها وەزیر کۆبونەوەکان دیاری بکات، پێشنیار دەکەم زۆرینەی ئەنجومەنەکە کۆبونەوە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەگەر یەك سانیەم بدەیێ لەسەر خاڵی پێشی کە وەزیر شەهادەی هەبێت یان نا، یەك روونکردنەوە ئینجا دوای دێمە سەر قسەکانم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵا بەپێی پەیڕەو ناکرێت، بەڵام تۆ کاك (یاسین)ی، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم، دەمەوێت بە هەموو برادەران بڵێم وەزیری شارەوانی دەبێت ئەندازیار بێت، لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئەوەی ئیشەکەی لەگەڵ چیمەنتۆ و شیشە، ناکرێ کەسێکی ئابووریناس لەوێ دانێن، سوپاس، بە نسبەت ئەوەشەوە پشتگیری هەموو قسەکانی کاك (بالانبو) دەکەم، یەعنی بەراستی هیچی کەم نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٥) کە ئاماژەی بە ئەنجومەنی وەزارەت کردووە، لە خاڵی شەشەمیش ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وزاری هەژمار دەکرێت کەواتە ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و گرینگییەکی تایبەتمەندی هەیە، بەڵام لە بڕگەی چوارەم تێبینییەکەی من ئەوەیە، پشتیوانی لە قسەکانی کاك (رزگار) دەکەم، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن، بەڵام ئەوەی کە لە کاتی پێویست ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر شتێکی بۆ ئیزافە بکرێت یان لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، یەعنی هەم بە بڕیاری وەزیر بتوانێ هەم زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە بتوانن داوای کۆبونەوە بکەن لەکاتی پێویستدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی پێنجەم، بڕگەی دووەم، دەڵێ (وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەت) ئەم هەر کەسێیە من پێشنیاز دەکەم بکرێت بە کەسی پەیوەندیدار یان کەسی پسپۆڕ، هەندێ جار رەنگە ئەو جیهەتە ئەو کەسە پسپۆڕ نەبی بەڵام کەسی پەیوەندیدار بێت، واتە دەبێت پەیوەندیدار بێت بە بابەتەکەوە ئینجا مافی هەبێت بانگێشتی بکات، واتە ئەوە نییە بڵێ هەموو کەسێك، لەم پێشنیازە یەعنی هەندێ شت زۆر موتلەق کراوە بە تەواوەنی کراوتەوە، سێیەم ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە کارگێڕییەکان و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت، پشتوانی ئەو برادەرانە دەکەم ئەو هاوڕێیانە دەکەم دەبێت بڕوانامەکەی وە پسپۆڕییەکەی وە ئەزمونەکەی دیاری بکرێت، چوارەم کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەرزی دەبن یان لەکاتی پێویست ساز دەکرێن، ئەم (یان)ە دەرفەتێك دەدات بە وەزارەت و بە وەزیر ئەگەر ویستی کۆبونەوەی وەرزیش نەکات، بۆیە دەبێت کۆبونەوە وەرزییەکە بە تەواوەتی تەسبیت بکرێت، بەم جۆرەی لێبکرێت (کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەرزی دەبن و وە لەکاتی پێویستیشدا ساز دەکرێن بە بڕیاری وەزیر یان ئەنجومەن)، ئەنجومەنیش گرینگە لەم بابەتەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتایبەت ماددەی پێنجەم، خاڵی دووەم، منیش هاوڕای قسەکانی کاك (دیار انور)م کە دەڵێ (وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێك لەناو وەزارەت) ئەمە بکرێتە (کەسانی پسپۆڕ و لایەنی پەیوەندیدار) دەکرێت کۆمەڵێك هاووڵاتیان لە شوێنێکدا بن کێشەیان هەبێت بتوانن بۆچونیان وەربگیرێت ئەمانە کەسانی پەیوەندیدار نەك کەسێکی سەربازی بێنە ناو کۆبونەوەی ئەنجومەنەوە کە وەزیر دیاری دەکات، سێیەم ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت، پێویست دەکات لێرە پلەکەی دیاری بکرێت، کەلەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکات پلەکەی دیاری بکرابایە، لەناو ئەنجومەنی ئەم ئەنجومەنە یان هەر لەناو وەزارەتدا کەسێکی بۆ دیاری دەکرێت یان خەڵکی تازە بێت، خاڵی شەشەم کۆنووسی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وەزارەت ئەژمار دەکرێت دوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزیرەوە بەم شێوەزاەی لێبکرێت (کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دوای دەنگدان وەك بڕیاری وەزاری ئەژمار دەکرێت دوای پەسەند کردنی لەلایەن وەزیرەوە) یەعنی ناکرێت هەر کە قسەك کرا لە کۆنووسا نووسرایەوە کە وەزیر پێویستی کرد بکرێت بە بڕیار بۆیە پێویست دەکات بە دەنگدان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تیبینی من هەی، تیبینیا یەكێ ئەز پشتگیریا كاك (سەركۆ)، كاك (دیاری) دكەم كو پیتڤیا پەیوەندیداران پسپۆر بێتە ئیزافە كرن دا بكەیفا خۆ نەبیت هەندەكا بینتە ناڤ وەزارەتا ئەنجومەنیدا چ پەیوەندی كاروبارێ یێ وەزارەتێ نەبیتن، تیبینیا من یا دووێ خالا شەشێ دبێژیت (كۆنووسی كۆبونەوەكانی ئەنجومەن وەك بڕیاری وەزاری هەژمار دەكرێت دوای پەسەندكردنی لەلایەن وەزیر) ئەز پێتڤی دبینم موددەك بێتە دیار كرن بێژیت مەسەلەن بۆ نمونە بۆرینا پازدە رۆژا كۆنووس پەسەند كری تێتە هەژمارتن، یەعنی (مع مرور خمسة عشرة یوما یعد المحضر مصادقا علیه) وە ئیللا دەبیتە وەخت كوشتن، یەعنی گەلەك جارا مصادەقەی هەیڤەكی دوو هەیڤا جەنابی وەزیر مصادەقەی لسەر ناكات، ناخوینی، بێژە دڤێت موددەك بێتە تەحدید كرن شەرتەكێ ئەڤی موددەی تێنەپەڕیت، ئەگەر لێبووری كۆنووس خۆ بۆخۆ (مصادق علیه)ە دا ببیتە قەرارا وەزاری وە ئیللا ئەما دبیتە ئیستیشارەكا یا ئێدی و ئیستیفادە تێدا نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا (ابوبكر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) ئاوا سیاغە بكرێتەوە (ئەنجومەنی راوێژكاری وەزارەت كە پێك دێت لە)، سەبارەت بە خاڵی شەشەم سروشت و مەهام و ماهیەتی ئەم ئەنجومەنە راوێژكارییە، بەڵام لە خاڵی شەشەمدا كۆنووسەكەی سیبغەی بڕیاری وەزاری پێداوە، ئایا ئەمە تەناقوز نییە؟ مەرج نییە هەموو كۆنووسێكی وەزارەت ببێتە بڕیاری وەزاری، دواتر كە ئاڕاستەی وەزیر دەكرێت لەوانەیە هەندێك لە بڕیارەكان پەیوەندی بە سەرووی ئەنجومەنەوە هەبێت، بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبێت، بۆیە كاتێك كە وەزیر بۆخۆی دەیكاتە بڕیاری وەزاری پێویست ناكات ئێمە كۆی كۆنووسەكە سیبغەی بڕیاری وەزاری پێ بدەینەوە بەڕای من، چونكە مەرج نییە هەموو كۆنووسەكان بڕیاری وەزاری لێبكەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێمە لە هەرێمی كوردستاندا بەپێی ئامارە فەرمییەكان نزیكەی سەد هەزار هاووڵاتی خاوەن پێداویستی تایبەتمان هەیە، لە كەسانی نابینا، نابیست، ئەوانەی هەردوو قاچیان نییە، ئەوانەی هەردوو دەستیان نییە، لە زۆرینەی زۆری پرۆژەكان لە كوردستاندا ئەوانەشی تازە دروست دەكرێن، بەداخەوە ڕەچاوی تایبەتمەندییەتی كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ناكرێت، كەم ئەندام ناكرێت، چەندین شۆستەمان هەیە ئێمە بە هەردوو چاومانەوە زۆر بە نارەحەت بەسەریاندا تێدەپەڕین، ئەی نابینایەك چۆن تێدەپەڕێت،

چەندین پڕۆژەمان هەیە کاشیەکەی هێندە سفت و لوسە ئێمە بە هەردوو قاچەوە بە زەحمەت بەسەریاندا تێدەپەڕین، ئەی ئەگەر کەسێك بە دوو گۆچانەوە چۆن بەسەریانا تێدەپەڕێت، بۆیە زۆرینەی ئەم پڕۆژانەش مەسئولیەتەکەی لە وەزارەتی شارەوانییە، من لە ئەرکەکاندا پێشنیار دەکەم بۆ برایانی بەڕێزم لە لیژنەی شارەوانی ناردووە کە یەکێك لە ئەرکەکان زیاد بکرێت لەم رووەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی، لێرە پێشنیار دەکەم برگەیەك بۆ ئەنجومەنی وەزارەت زیاد بکرێت، ئەویش بەم جۆرە نوێنەرێك لە وەزارەتی کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەشدار بێت لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن کە ئیشی راوێژ پێدان بێت بە وەزارەتی شارەوانی وە بەشدار بێت بەو بڕیارانەی کە کاریگەریان لەسەر پلان، لەسەر ماستەر پلان، لەسەر پرۆژەکان، بۆ رەچاوکردنی تایبەتمەندیەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کارێکی لەم جۆرە هیچ تێچوویەك بۆ حکومەت زیاد ناکات، نوێنەرەکەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی پلەی بەڕێوەبەری گشتییە مووچەی هەیە، ئۆتۆمبێلی هەیە، تەنها کۆبوونەوە وەرزییەکانی وەزارەت بەشداری دەکات بۆ ئەوەی راوێژ بدات بە وەزارەتی شارەوانی رەچاوی تایبەتمەندییەتی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێت لە پرۆژەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر وەڵامێك نییە بچنە ماددەی (٦)، ئەگەر سەرنجێکی خێرا، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر ئاماژە بە وەزیر کرا لە ئەنجومەنی وەزارەت کە زۆر دەسەڵاتەکانی زەق کرایتەوە، لەراستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٤) لەوێ ئاماژەی پێکراوە کە وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کاروبارەکانی وەزارەت و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی بڕیار، دەرکردنی بڕیار و رێنماییەکان، بۆیە لەراستیدا وەزیر بەرپرسە بەرامبەر بە وەزارەت بۆیە بەم شێوەیە لێرە ئاماژەی پێکراوە، بەشێك لە سەرنجەکانیان لەجێی خۆیدابوون لە راپۆرتی دەنگدان شوێنی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، ماددەی(٦)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات کە خاوەن شارەزای و پسپۆریەتین لە ناوخۆی هەرێم بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت بە رەچاوکردنی یاسا و رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکانی کارپێکراو.

دووەم: بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کەسانێك لە دەرەوەی هەرێم پێویستە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی لەسەر وەربگیرێت جگە لەو گرێبەستانەی کە بە یاسا رێك خراون.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ ماددەی (٦) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، كاك (كاوە) كاك (د.اسماعیل)، كاك (د.ریبوار)، كاك (بەڵێن)، كاك (بالانبو)، كاك (كاروان)، كاك (رزگار)، كاك (دابان)، كاك(یاسین)، كاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە خاڵی یەكەم دەڵێ (وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بكات كە خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕن لەناوخۆی هەرێم بەمەبەستی جێبەجێكردنی ئامانجەكانی وەزارەت، بە رەچاوكردنی یاسا و رێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەستە حكومیەكان كاری پێبكرێت)، خاڵی دووەم دەڵێ (بۆ گرێبەستكردن لەگەڵ كەسانێك كە لە دەرەوەی هەرێم پێویستە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەرو وەربگیرێت جگە لەو گرێبەستانەی بە یاسا رێك خراون)، لێردا ئەمە قسەمان لەسەر ئەو وەزیرە نییە كە ئێستا هەیە ئەو یاسایەی كە دادەنێین بۆ ساڵانی دواتر دادەنێین، بۆ نمونە بۆ پەنجا ساڵی، بۆ بیست ساڵی، بەڵام لێرەدا دەسەڵاتی تەواو دراوە بە جەنابی وەزیر یەعنی ناكرێت ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە وەزیر كە هەموو گرێبەستەكان لە كوردستان واژوو بكات، ئەو گرێبەستانەی پەیوەندیان بە مەسەلەی ئاوەوە هەیە، پەیوەندیان بە پاك و خاوێنییەوە هەیە، پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە، بۆیە من پیشنیار دەكەم یان دەسەڵاتەكەی لێ كەم بكرێتەوە یان ئەو ماددە لابردرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیار من هەیە، تێبینی ژی من هەیە، ئەوەلەن پرسیارا من ژلیژنێ و ژلیژنا یاسایی بتایبەت ژی ئەرێ ئەڤ دەسەڵاتە دژبلی وەزیری شارەوانی دایە وەزیرەكی دی گرێبەستی دگەل شەخسێ مەعنەوی ئوكەسانەی بكەتن، سروشتی و یێ یی دی بكەتن، یەعنی ئەڤە بەرفرەهیەكی گەلەك مەزنە، وەزبینم ئەڤە دكێشتە هەندێ ئو گەلەك تشتا بكەتە كەرتێ تایبەت، مادەم ماف داییێ دگەل كەسانێت مەعنەوی ژی ئیدی بكەتن، گەلەك تشتی حكومی بێتە ڤەگهاستن برێكا گرێبەستێ بچیتن بو هەندێ كەرتێ تایبەت و بۆ هەندە جهێ تایبەت ئیستفادە بوخو ژی بكەن، ژبەر هەندێ ئەز دگەل نینم كو ڤەكری بیتن بەس دگەل كەسانێت سروشتی تەنێ بیتن، مەعنەوی نەبیتن، نە عام بیتن، یێت هەردووكا سروشتی و مەعنەوی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (كاوە)، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا منیش پشتگیری هەمان بۆچوونی دکتۆر و کاك (یاسین) دەکەم، لەوەی کەوا وەزیر بۆی نەبێت بە تەنها سەڵاحیەتی ئەوەی نەبێت کە گرێبەست ئیمزا بکات بە تەنها ئینجا چ لەگەڵ کەسانی سروشتی بێ یاخود مەعنەوی بێت یا خود دەرەوە بێت، بەڵکو ئەنجومەنی وەزارەت بڕیار بدات لەسەر ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستانە، چونکە هەر لە ئەنجومەنیش ئۆتۆماتیکییەن وەزیر سەرۆکی ئەنجومەنە، کەواتە با بە دەنگی زۆرینەی ئەنجومەن ئیمزاکردنی گرێبەست پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تەحصیل حاصلە بۆخۆی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی وەزیر بریتییە لە ئیمزاکردنی گریبەستەکان ئەگەر پەیوەست بێت بە کارەکانی لە چوارچێوەی کاری وەزارەت کە خۆی وەزیرە تیایا، بەڵام لە مادده (٤) بڕگەی یەك هەم پێناسی وەزیر کراوە هەم دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە بۆیە پیشنیار دەکەم ئەوە هەڵبگیرێت بچێتە تەواوکەری بڕگە یەك، مادده (٤)، لەبەر ئەوەی لێرە زیادە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم لە خاڵی یەکەم هاتووە باسی هەردوو کەسایەتیەکە دەکات، بەڵام لە خاڵی دووەم هاتووە تەنها باسی کەسانێك دەکات، بۆیە لە خاڵی دووەمیش دیار بکرایە کەسانێك مەبەستی هەردوو کەسایەتییە مەعنەوی و تەبیعیەکەیە یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو رایانە دەکەم کە هاوڕێکانم باسیان کرد لەوەی کە وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات بە رەزامەندی یان دوای پەسەند کردنی لە ئەنجومەنی وەزارەت، پرسیارێکیشم هەیە لە لیژنەی قانوونی یان لیژنەی شارەوانی دوای دیراسە کردن جواب بدەنەوە، لە خاڵی دووەم دەڵێ (جگە لەو گرێبەستانەی کە بە یاسا رێك خراون)، کام گرێبەستانەن کە بە یاسا رێکخراون مەسەلەن ئەو ئیستیسنائەی پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر زۆر گرینگە دەبێ بە وریاییەوە کاری لەسەر بکەین، وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات، لە کاتی شارەزایی و پسپۆڕیان لەناوخۆی هەرێم، تەبعەن ئێمە مەبەستمان لەم وەزیرە نییە لێرە، ئەگەر ئەو وەزیرە خۆشم بەم، بەڵام ئەگەر وەزیر دەسەڵاتی هەبێت لە کاتێکدا چوار کۆمپانیا تەقدیم دەکەن بۆ ئەو بابەتە وەزیر دەتوانێ کۆمپانیایەکیان هەڵبژێرێت ئەگەر مەرجەکانی لە مەرجەکانی ئەوانی دیکەش خراپتر بێت، لەبەر ئەوەی حەق نییە لێرە وەزیر دەسەڵاتی رەهای هەبێت، لە کۆتای ئەم ماددەیەدا دەڵێ (بە رەچاوکردنی یاسا) کام یاسایە دەڵێ( (رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستی حکومییە کارپێکراوەکان) ئێمە ئەگەر ئەم یاسایە بەم شێوەیە تێپەڕێنین یەعنی ئەو بڕیارەی دادگا کە لەسەر ئەساسی هەڵوەشاندنەوەی کۆکردنەوەی پارەی خۆڵ و خاشاک، ئاوە، یەعنی دەسەڵاتمان داوە ئەوە ئەو یاسایە دەتوانن جێبەجێ بکەن و ئەم کۆمپانیایانە دەتوانن کارەکانی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە زۆر زۆر گرینگە من پێشنیار دەکەم هیوادارم برادەرانیش پشتگیری بکەن، لەژێر رۆشنایی یاسا کارپێکراوەکاندا ئەم بڕگەیە بۆ ئەوەیە چوارچێوەیەکی یاسایی بدات بەو کۆمپانیایانەی کە کارەکانیان وەرگرتووە، کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن بە هیوام بەم شێوەیە تێنەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم ئەگەر دەرفەت بدەی تەوزیحێك لەسەر ئەو ماددەیە بدەین، چونکە ماددەیەکی زۆر زۆر هەستیارە، لەم ماددەیە باس لەوە دەکات کە وەزیر دەسەڵاتی هەیە کە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەتەکەی بسپێرێ بە کەسانێکی سرووشتی، مەعنەوی ئەمە واتە لە کارگوزارێکی ناو وەزارەتەکەیەوە بۆ گەورەترین ئیشی وەزارەت دەتوانێ گرێبەست بکات و بیسپێرێت بە کەسانی سروشتی و مەعنەوی، ئەمە دەسەڵاتێکی رەها و لاستیکییە کە دراوە بە وەزیری شارەوانی، خاڵێکی تر هەر لەناو ئەمەیە دەڵێ (بە رەچاوکردنی یاسا و رێنمایی وە جێبەجیکردنی گرێبەستە حکومییەکان) بەشێکی زۆری ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی شارەوانی کردوویەنی لەبەر رۆشنایی رێنمایی و فەرمانا کراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە یاسا نەکراوە، بەشێك لەو رێنماییانە یان فەرمانەکانی ئەنجومەنی وەزیران مەخالەفەی یاسایە، ئەگەر ئەو ماددەیە بەو نوعە تێپەڕێنین کەواتە بەشێکی زۆری ئەو گرێبەستانەی کە پێچەوانەی یاسان دەبێت بە سیاسایی، لێرە مەعالەجەیەك هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بیکەین، وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەوی واژوو بکات لەناوخۆی هەرێم لە بواری رێگاوبان، پرد، تونێل، تەنیا لەم سێ بوارەیا چونکە چەند جۆرە گرێبەست هەیە، ناکرێت هەموو گرێبەستێك بسپێرین بە وەزیر، دەکرێ دیاری بکەین، رێگاوبان، پرد، تونێل، لەم سێ بوارەدا

وەزیر بۆی هەبێت، بەرەچاوکردنی یاسا، نەك ڕێنمایی، من پێت دەڵێم بەشێکی زۆر ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی شارەوانی فەرمانەکانیان مەخالەفەی یاسان، پێچەوانەی یاسان، ئەگەر ئێمە بێین ئەمە تەسبیت بکەین لێرە ئەو کاتە بوعدێکی یاسایی دەدەین بەوانەی کە لە پێشووتردا کراوە، پشتیوانی قسەکانی کاك (بالانبو)، هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم ئەگەر ئەمەش تەسبیت نابێت ئەم گۆڕانکارییە لەگەڵ ئەوەدام کە ماددەکە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك تەوزیحی بچوك من پێت دەڵێم بۆ ئەوان دەڵێی کاك (دابان) بە من ناڵێی، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (٦)، قسەکانم لەلایەن کاك (دابان)ەوە کرا پشتیوانی لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) ماددەیەکی زۆر هەستیارە وەکو برادەرانیشم روونیان کردەوە، ئاماژەیان پێکرد کاك (بالانبو)، کاك (دابان)، کاك (یاسین) وێڕای پشتیوانیکردنم، ئەمەش شەرعیەتدانە بە کۆمەڵێك گرێبەستی نامەشروعی کە کراوە لە هەرێمی کوردستان لە راستیشدا نایشارینەوە کە ئەمە بابەتە نیەتەکەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، نیەتەك هەیە لە هەرێمی کوردستان خۆشمان دەیبینین رۆژانە کە کۆمەڵەك بابەت دەگوزەرێ تەواوی جومگەکانی حوکمڕانی خەریکە غەرقی گەندەڵی دەبن، کە ئەمە وای کردووە لە راستییدا کە ئەم جۆرە ماددانە پڕۆژە یاسایەکدا دەبینی کێشە دروست دەکات، بۆیە ئەگەر بەو شێوەی کاك (دابان)، کاك (بالانبو) پێشنیازیان کرد من تەواو پشتیوانیان دەکەم، معالەجە ناکرێت، پێشنیاز دەکەم تەواوی ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕیزان لە لیژنە ئەگەر هیچ سەرنج و تێبینیتان نییە بچنە سەر ماددەی (٧)، نە نووسراوە بەس فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە پشتگیری لە قسەکانی بەڕێزان کاك (دابان)، کاك (کاروان)، کاك (بالانبو) دەکەم، یان ماددەکە لابرێت یاخود ئەگەر بمێنێتەوە بەم جۆرەی لێبکرێت (بە رەچاوکردنی یاسی ژمارە (١٣٠)ی ساڵی (١٩٦٣)ی داهاتی شارەوانییەکان) ئێمە کێشەمان بەراستی لەگەڵ ئەو بابەتە هەیە زیاتر ئەوەی پەیوەندی بە خۆڵ و خاشاکەوە هەیە، تابلۆوە هەیە، رسوماتی شوێنەکانی خزمەتگوزاری هەیە، ئاوەوە هەیە، ئەمە کێشەی ئێمەیە، بۆیە پشتگیری لە قسەکانی

ئەوان دەکەم یان ماددەکە لاببرێت یان هەر بمێنێتەوە بە دیاریکراوی بنووسرێ (رەچاوکردنی ئەم یاسایە) کە تا ئیستاش بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧) بەڕێزان کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزکار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بداتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (٧)، ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٧) گفتوگۆ بکەن بریتین لە بەڕێزان کاك (دیاری)، کاك (د.اسماعیل)، (ئاشنا) خان، کاك (دابان)، کاك (رزگار)، کاك (د.ریبوار)، کاك (شێخ طاهر)، (د.گلاویژ)، (د.عبدالسلام)، کاك (بالانبو)، (رۆژان) خان، کاك (حاجی هەڵکەوت)، کاك (حاجی هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (٧) هاتووە دەڵێ (وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بداتەوە) ئەو هەموو دەسەڵاتانە بە وەزیر دراوە کاتێك وەزیرێك خۆی شتێکی پێ باش بوو بەڵام لە بەرژەوەندی خەڵك نەبوو یان لە بەرژەوەندی وەزارەتەکەی نەبوو بۆیە من پێم باشە بەم شێوەی لێبکرێت (وەزیر بە راوێژکاری بریکاری وەزارەت و راوێژکارەکانی باڵای وەزارەت ئەو بڕیارانە بدات نەك بە تەنها)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.عبدالسلام)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧) دەسەڵاتی موتلەق دراوە بە وەزیر بۆیە من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە ئەو دەسەڵاتە بدریت بە ئەنجومەنی وەزارەت، ئەنجومەنی وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات. سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.گلاویژ)، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پاڵپشتیم لەبۆ هەڤاڵانم کاك حاجی (هەڵکەوت)، کاك (عبدالسلام) منیش پێم باشە دەسەڵاتی وەزیر بکرێتە ئەنجومەنی راویژکاری یان ئەنجومەنی وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) (وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بداتەوە) من پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێبکرێت (وەزیر بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەت بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەی نویٚ لەناو پێکهاتەی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوارعبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ستراکچەر و هەیکەلیەتی هەموو وەزارەتەك لەرووی پێکهاتەکانەوە بە گوێرەی یاسا دیاریکراوە تەنانەت لەو پرۆژە یاسایە بەگوێرەی مادده (٤) باس لە ستراکچەری یان پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی دەکات رێك ئەو ماددەیە پێچەوانەی ئەحکامەکانی مادده (٤) بەلایەك، بەلایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتەی کە دەدرێت بە وەزیر وەزیر تاك رەوانە بڕیار بدات لای خۆیەوە بەشێك ئیزافە بکات یان بەشێك ئیزاحە کات بەراستی پێم وایە دەسەڵاتێکی زۆر و زەوەندە لەگەڵ ئەحکامەکانی یاسا ناگونجی بەتایبەتی مادده (٤) تکا دەکەم ئەو ماددەیە هەر لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك پشتگیری ئەو وتانەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، پشتگیری سەد لە سەدی قسەکەی کاك (د.ریبوار) دەکەم، هەمواری یاسا بۆچی دانراوە ئەگەر هاتوو ئێمە هەموو دەسەڵاتەکانمان هەموو دا بە وەزیر، وەزیر خۆی بتوانێ بەڕێوەبەرایەتی دابمەزرێنێ،

هەڵیبوەشێنێتەوە، لە یەکی بدات، ئەم دەسەڵاتە رەهایە هەر گۆڕانکارییەکی تیا بکەی لەبەر ئەوەی لە پێشەوە دەسەڵاتەکانی وەزیر دیاری کراوە، ئەگەر بشیدەیتە دەست ئەنجومەنەکە، ئەنجومەنەکە لە کۆتایی پێویستیان بە کۆتا بڕیاری وەزیر هەیە، لەبەر ئەوە باشتر وایە بۆ ئەوەی ئێمە یەعنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان بەو شێوەیە کەم نەکەینەوە کە هەموو دەسەڵاتەکان بدەین بە وەزیرە تایبەتمەندەکان من پێم باشە و پشتگیری سەد لە سەدی (د.ڕێبوار) دەکەم، ئەم ماددەیە بە تەواوی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها تەوزیحێك، دەسەڵاتەکانی پەرلەمان نا، دەسەڵاتەکانی وەزارەت، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل دەقیق بن، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەند هاوڕێیانم کاك (عبدالسلام)، قسەکانی (د.گلاویژ)، کاك (ریبوار)، شێخ (ظاهر)، کاك (هەڵکەوت)، کاك (بالانبو) روونیان کردەوە تەواو لەگەل ئەوەی تەواو پشتیوانی رایەکانی ئەوانم لەگەڵ ئەوەمە ئەگەر دەستکاری بکرێت وەکو ئەوەی کاك (عبدالسلام) و ئەوان پێشنیازیان کرد ئەنجومەنی وەزارەت باشترێکە، ئەگەر نا لەگەڵ ئەوەم کە بە تەواوی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (روژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز روژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، منیش پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کرد ماددەکە لابرێت، لە ئەگەری مانەوەشیا بەم شێوەیەی لێبکرێت (وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بە راوێژی ئەنجومەنی وەزارەت بەش یان هۆبە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵیان بوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات) بەڕێوەبەرایەتی لابرێت هەر لێی دەرکرێت، پشتوانی هەموو ئەو هەڤاڵانەش دەکەم هەمان ئەو پێشنیارەیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە (٧) منیش هەر هەمان رام هەیە، ئەو ماددەیە ئەگەر هەڵگیرێ، ئەگەر هەڵیش نەگیرێ دەسەڵات بدرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك (د.ریبوار)، کاك (بالانبو)، کاك (کاروان) دەکەم، لە مادده (٤)ی ئەم یاسایە تەسبیت بووە کە هەیکەلیەی وەزارەت چۆنە، ناکرێ جارێکی تر دەسەڵات بدەینەوە بە وەزیر بە ئارەزووی خۆی نەك بە ئارەزووی خۆی بتوانی کە هۆبە و بەش و بەڕێوەبەرایەتییەکان هەڵبوەشێتەوە و دەستکاری بکات من لەگەڵ ئەوەدام ئەو ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوایان کردووە ماددەکە لابرێت، چونکە بەراستی بەپێی ئەو ماددەیە بێت ئیتر ئەو شتەی کە جووڵەیەکی باو هەیە لەلای ئێمە دەڵێ وەزیر کولفی کولە هەموو شتێك خۆی دەتوانی بیکات، لەبەر ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر مایەوە وەکو ئەو پێشنیارەی کە کاك (عبدلسلام)، (د.گلاوێژ) پشتیوانی کرد، پشتیوانیان دەکەم، دەسەڵاتەکە بدرێت بە ئەنجومەنی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیا هەی، بێژیت وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش) پێویست ناکات هۆبە، چونکە ئەگەر وی دەسەڵاتێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی و بەش هەبیتن بە تەئکید هۆبە ژکێمترە ژوێ بمعنی سەڵاحیەتی تێتن بەس هۆبە، یان هۆبە بێتە لادان هەر ئەوەیە تێبینیا من، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، بە تەواوەتی پشتیوانی ئەو برا بەڕێزانە کاك (د.ریبوار)، کاك (بالانبو)، کاك (کاروان)، کاك (دابان)، (ئاشنا) خان، کاك (د.اسماعیل)، لە راستیدا ئەم بڕگەیە و هەر بە جۆرێك لە جۆرەکان سەیری یاساکە دەکەیت هەست دەکەی رێك بۆ باڵای وەزیر دووراوە، هەست دەکەی سەراحەتەکی تەواو، مەسئولی بەڕ و بەحر خۆی بێت، هەر چیەك بیەوێت خۆی بیکات، یەعنی ئەگەر حیکمەتی ئەو بڕگە و ماددانەی پێشوو لە چیدایە کاتێك بەشێك، هۆبەیەك، بەڕێوەبەرایەتییەك دروست دەکرێت دواجار ئەگەر حاڵەتەکی نەخوازراو یان وەزیر کاتێك

هەستی کرد کێشەیەك لەم بەڕێوەبەرایەتیانە هەیە، کێشەی بۆ دروست دەکەن لەکاتێك لە کاتەکاندا دەبێت دای بخات، بۆیە من یەکەم لەگەڵ لابردنی ماددەکەدام، دووەم ئەگەر لانەبرا بە هەمان شێوەی ئەو هاوڕێیانە (رۆژان) خان کە باسی کرد لەگەڵ ئەودام کە وەزیر بە راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنا، لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی لەناو پێکهاتەی وەزارەت بهێنێتە کایەوە یان هەڵبوەشێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئەگەر تێبینیەك نییە، ماددەی (٨)، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) حەز دەکەم ئاماژەکی پێبدەم وە بەرچاو روونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە هیچ یاسایەکی وەزارەتدا نییە کە ئەو ماددەی تێدا نەبێت، یەعنی ئەمە شتێکی نوێ نییە کە دەسەڵات بدرێتە وەزیر، دڵنیا بن لەو قسەیە، تەماشای هەموو یاسای وەزارەتەکان بکەن ئیللا ئەم ماددەی تێدایە، لێرەش دەبێت بە دیقەت تەماشا بکەین دێت باسی بەڕێوەبەرایەتی دەکات، باسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناکات تەعاروز دروست بکات لەگەڵ ماددە (٤)ی ئەم پرۆژە یاسایە، بۆ بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە بینێتە کایەوە یان هەڵوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات، دڵنیا بن هیچ یاسایەك وەزارەت نییە لە کوردستان کە ئەو ماددەی تێدا نەبێت، ئینجا ئەگەر ئەو ماددەیە مەسح بکەین، کەواتە پێویستە یاسای هەموو وەزارەتەکان بێین هەموار بکەین، چونکە ئەم دەسەڵاتە بۆ هەموو وەزیرەکان هەیە، ئاخر جار دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، یان هەموو وەزارەتەکان دەبیت تەعدیل بکەین یان نابێت تەنها لە وەزارەتێك ئەم وەزیرە بە تەنیا ئەم دەسەڵاتەی نەبێت، بەس بۆ تەوزیح و روونکردنەوەك، کۆتایی هەر بڕیاری ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئاخر ناکرێت بکەینە گفتوگۆ لەسەریا، پێشنیاری خۆتانتان کردووە، بۆچوونی خۆتانتان دەربڕیوە، پشتیوانی کراوە، وەڵام دراونەتەوە، بچنە سەر ماددەی (٨)، بەڕێزان ناکرێت لە پەیڕەودا نییە، ئەگەر پێشنیارێکتان هەیە، پشتگیری کراوە، بەڕێزان رەئی خۆت داوە، وەڵام دراویتەتەوە، دەنگ بەو بڕگەیە مەدە کە ئەو بڕگەیە بمێنێ، تەواو، ماددەی (٨) کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەست خۆشیم رێزم بۆ برای بەڕێز کاك (بژار) باسی لەوە کرد کە لە ماددە (٤) باس لە بەرێوەبەرایەتی نەکراوە تەنها باس لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کراوە، حەز دەکەم بۆت تەوزیح کەم روونە بۆ جەنابتان دەڵێ لە فەقەرە دوو باس لە نووسینگەکانی سەرۆك ...... دواتر دێتە خواری بەڕێوەبەرایەتی دارایی، بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی تیایە جگە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.......

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم بەڕێزان با زۆر درێـژە نەکێشـێ، ئـاخر نـاکرێ کـاك (بـالانبو)، چـونکە مناقەشـە کـراوە، پێشنیار کراوە، بەپێی پەیڕەو پێشنیارەکانتان پشتیوانی دەبێت دەخرێتە دەنگـدان، تەواو، دوای رای لێژنەی هاوبەش هەیە، بەڕێزان لە زۆرینە و کەمینە نیـیە بەڕێـزان ئەم بـابەتە خوێنـدنەوەی دووەمە، لە خوێنـــدنەوەی دووەم زۆر روون و ئاشـــکرایە، هەر بەڕێزێـــك پێشـــنیارێکی هەیە پشتیوانی دوو تا سێ ئەندامی بەڕێـزی پەرلەمـانی هەبـێ جگە لەو دوو نـاوەی ئەخیـر جەنابـت پێشنیارەکانت کردووە دوایی بەپێی پەیـڕەویش راپـۆرتی لێـژنەی تایبەتمەنـد لە کـۆی ئەوانەش دەتوانن رایەکـی هـاوبەش بێـنەوە پێشکەشـی پەرلەمانتـارانی بـکەن، فەرمـوو دەی بەس ئـاخر جارە، کاك (دیاری)، فەرمووو دەی.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکە لەوەدایە هەر بەپێی پەیرەو لەبەر ئەوەی دوایی ئێمە ناتوانین مناقەشـەی ئەمە بکەیـن ئەمە یەکەم، دووەم رۆشتنی ئەم هەموو دەسـەڵاتە یـان ئەم مـاددەیە بەم جـۆرەی ئێسـتا ئەگەر پێشنیازیشمان کردبێت بۆخۆت دەزانی کاری پەرلەمانی بەزۆرینە و کەمینەیە، ئـێمە دەزانـین کە ئەوەی ئێمە دەنگ ناهێنێ، ئەوەی دیکە سەرنجەکەی لەسەر ئەوەی کاك (بـژار) بەڕێزیـان وتیـان، کە لە هەموو یاساکانی وەزارەتەکانا بە هەمـان شـێوە وەزیـر ئەم دەسـەڵاتانەی هەیە، ئـێمە لێـرە تەشریع دەکەین دەبێت ئەم دەسەڵاتە رەهایانە ئەمانەی کە پێمـان وایە دروسـت نـین، کێشـەیان دروست کردووە، ئێمە لێرە چارەسەری بکەین، بـۆیە دەمانەوێـت ئەم خـاڵە نەڕوات، یاسـای هەر وەزارەتێکی دیکە هەموار کرایەوە ئەم دەسەڵاتەی لێ دەسەنینەوە، ئەمە ئەرکی پەرلەمانە، یاسا دانان لای ئێمەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بالانبو) تۆش دە سانیە، فەرمووو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکی دەستووری و یاسایی هەیە یاسـا هەمـوار دەکرێـت بە سـەرجەم مـاددە و بڕگەکـانییەوە ناکرێت ئێمە ئێستا یاسایەك دەربکەین سبەی پێویستمان بە هەموارکردن هەبێت، بۆیە تکام وایە بەم شێوەیە نەسەلمێنرێت کە یاسا بۆی نییە دەستکاری بکرێت، ئەمە وەکو عورفێکە.................

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان هەر بەڕێزێـك پێشـنیاری هەیە لەسـەر ئەم بابەتـانە دەتـوانن داوای هەمـواری یاسـای ئەنجومەنی وەزیران بکەن، لەوێ تەحدیدی بکەن و تەواو، ماددەی (٨) کاك (رزکار)، فەرمووو.

**بەڕێز رزکار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

ئەرك و دەسـەڵاتی پێكهاتەكـانی وەزارەت بەپەیـڕەوەك رێـك دەخرێـت كە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی (٨) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، كـاك (د.اسـماعیل)، كـاك (دیـاری)، كـاك (عبدالستار)، كاك (د.ریبوار)، كاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٨) مەبەسـتم كۆتـاییەكەیتی كە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە دەردەچێـت پەیڕەوێـك، ئەمـن پـێم وایە ئەوە ئەوە دەگەیەنێـت كە ئەنجـومەنی وەزیـران پەیڕەوێـك دەردەكـات لە لایەنـی خـۆیەوە یەعنـی خـۆی ئامـادەی دەكـات و دەریشـی دەكـات، دەردەچێت، بەس وا پەسەندە بەراستی بڵێین پەسەند دەكات، چونكە ئەو كـاتەی وەزارەت بـۆی هەیە مسـوەدەیەك، رەشنووسـێكی پەیـڕەو بەرز دەكـاتەوە بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـران ئەوانـیش پەسەندی دەكەن، بەس ئەوە وا دەردەكەوێت كە دەسەڵاتەكە حەسری ئی ئەنجـومەنی وەزیـران بێت، كە دەزانم لەوانەیە رەئی وەزارەت وەربگرێت، بەڵام وا باشترە بنووسرێ پەسەند دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دەمەوێت ئامـاژە بەوە بـكەم كە بەشـێك لە پێكهاتەكـانی ئەم وەزارەتە بـۆ نمـونە دەسـتەی گشتی گەشتوگوزار دەسـەڵاتەكانی موسبەقەن دیـاریكراوە بەگـوێرەی یاسـایەكە، پـێم وایە ئەو ماددەیە مخـالفی ئەو بـڕگەیەیە كە دەسـەڵاتەكانی بەشـێك لە پێكهاتەكـانی دیـاری كـردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تیبینیا من مودەكێ بێتەتەحدیدكرن بۆ دەركەڤتنا ڤان رێنماییا ڤان ئی دیا ڤی پەیڕەوی، چونكی بێ موددە چ دبیـتن حەتـا ئەڤ قـانوونە، بخـۆ ئەڤ یاسـایە تەعتیـل ببیـتن مە نمونەیـا هەی، مە ژڤانوونەك ژمارە (٩) یا (٢٠١٢) حەتا ڤێ گـاڤێ ئەڤە (٢٠١٢)ە ئەڤە ئەمـین ل(٢٠٢٢) دا یـا تەعتـیلە چینكیـا گرێـدایە پەیڕەوەكـێ مەجلـیس وزراء دەربێخیـت، هەمـی وەزارەتێـت مە لكوردسـتانێ فەرمانبەرێت وێ مەحرومن شلەقەبل علمی بەس تەربیـە و تەعلـیم عـالی تنـێ وەردگـریتن ڤـێ قـانوونێ، قانوونـا ژمـارە(٩)، (٢٠١٢) رێـك خسـتییە چارەسـەركری بەس یـا گرێـدای پەیرەوەكـی

مەجلیس وزرا دەرکەڤی، حەتا ڤێ کاڤی نەدەرکەڤتیـیە، ژبەر هندێ ئەز دبینم بێتە دیار کرن بێژیتن (پشتی دەرکەڤتنا ڤی یاسایێ ب(٤٥) رۆژا، هەیڤەکیا ئان شەش هەیڤا دا وەکو یاسایا (٢٠١٢) لێنەهێت ژمارە (٩)ی (٢٠١٢) لەقەبی علمی خەلکەکی مەزن ژمەحروم بیت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرك و دەسەڵات و پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەوێـك ڕێـك دەخرێـت کە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە دەردەچێـت، یەعنـی یەکێـك لە کێشـە گەورەکـان مـن پـێم وایە کە ڕووبەڕوومـان دەبێتەوە لەڕووی یاساییەوە هەموو ئەو یاسایانەی کە دەردەچـن پەیـڕەو کێشـەیەکی گەورەیە بۆی هەموو ئەوانەی ئەوان خۆیان دەیانەوێت بە پەیـڕە و بە ڕێنمـایی دەری دەکەن، بـڕوا بـکەن ڕێنماییان دەرکردووە پێچەوانەی یاسایەك کار بە یاساکە ناکەن کـار بە ڕێنمـاییەکە دەکەن، بـۆیە یان ئەم پەیڕەوە دەبێت لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستـاندا بێـت یـان لێـژنەی پەیوەندیـدار ناکرێت لەوێ ئەوان ئەو پەیڕەوە دابنێن هەندێ جار خیلاف هەیە لەگەڵ یاساکەدا کار بە پەیڕەو بە ڕێنماییەکـانی خۆیـان دەکەن خـاڵی یەکەم، خـاڵی دووەم ئەگەر هەر پەیـڕەوەکە دەرکـرا ئەم پەیڕەو کەی دەردەکرێت؟ پشتیوانی (د.اسـماعیل) دەکەم، بەراسـتی دەبێـت کـاتێکی دیـاریکراو هەبێت بۆ دەرکردنی ئەم پەیڕەوە کە من پێم وایە لە سێ مانگ زیاتر تێپەڕ نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تێبینیەك نییە ماددەی (٩) بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

یەکەم: یاسای وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزاری هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق ژمـارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم: ئەو ڕێنماییـانەی کە لەبەر ڕۆشـنایی یاسـای هەڵوەشـاودا دەرچـوون بەردەوام دەبـن لە کارپێکردنی بەمەرجێك دژیەك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تـا ئەو کـاتە ڕێنمـاییەکی تـر جێگەیان دەگرێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لەسەر ماددەی (٩) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، تەنها کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوا، ئەو ڕێنماییـانەی لەبەر ڕۆشـنایی یاسـای هەڵوەشـاوە دەرچـوون بەردەوام دەبـن لەکارپێکردن بەمەرجێك دژ یەك نەبـن لەگەڵ حوکمەکـانی تـا ئەو کـاتەی، تـا چ کاتێـك؟ بەشـکەم

چوار ساڵی تر ئەم پیرەوە هین نەبوو، بۆیە پێویستە کاتەکەی دیاری بکرێت، سێ مانگ یان شەشە مانگ بەپێی کاتەکە، کەواتە دەبێت کاتی دەرکردنی پەیرەوەکە کاتێکی دیاریکراو بێت، ئەوەی بۆ ئیزافە بکریت، تا سێ مانگ بۆنمونە، نەك هەتا هەتایە، ساڵێك، دوو ساڵ دەرنەکرێت، کەی ویستیان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٠)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

وەزیر رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە حوکمە کۆتاییەکانن بەڕێزان، ماددەی (١١)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

پێویستە لایەتی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٢)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

کار بە دەقێکی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەو ماددەی (١٣)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

ئەم یاسایە لە رێککەوتی بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچوواندن، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەهۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی شارو شارۆچکەکانی هەرێم بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار بتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی هاووڵاتیان و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان بێ لە شار و شارۆچکەکاندا بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی حکومەت بۆ دانانی پەیکەرێکی کاریگەر و گونجاو بەپێی پێویستی هەنوکەیی بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر کەسێك دەیەوێت لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن، (نجاة)خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەکە ئەم سەح کەینێ هۆیەکانی دەرچوواندن هەردوو دێرێ دوماهیکێ بێژیت (بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار ئەم یاسایە دەرچوێنرا) هەکە ئەم سەح کەینە ئەسلێ ڤێ یاسایی لسەر ریکخستنا هەیکەلیەتا وەزارەتێیە، یەعنی ئیشارەتی بگەشەپێدانا گەشتوگوزارێ ناکات، راستە ئامانجا دا دیار کری، بەس گەشتوگوزارێ ژێ یاسایا خۆ هەبیتن و دشێتن ناڤ خۆێت دەرچوواندنێ ئەڤی مەبەستی دیار کاتن، پێتڤی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، تەواو دەستتان خۆش لێژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئێستا دەست بە گفتوگۆکردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خویندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەکەین بفەرموون بێنە جێگەکەی خۆیان، کاك (بالانبو)، فەرموو ئەگەر نوقتەی نیزامییە.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم پاوسێکمان بدەن، لەبەر ئەوەی نان نەخوراوە، ئەندامانیش دەبینن زۆربەی یەعنی هین نییە، پێویستمان بە پشووەکی کەم هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاساییە، با یەك دوو مادده بڕۆین، هەر بەڕێزێکیش دەیەوێت بڕوات ئاساییە، وەزیرەکان، میوانەکان کێ هاتووە با بێن.........................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکسەر راپۆرتی لێژنەی راستێنراو بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدان، دوای ئەوە دەرفەتت دەدەمێ بە دڵی خۆت قسە بکە، ئاخر ئەگەر ئەندامەکان گوێیان لە راپۆرتەکە نەبێت خۆ تۆ قسەش بکەی هیچ ئیستفادەی نییە، با ئەندامان گوێیان لە راپۆرتەکە بێت، بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/

راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لێژنەی کاروباری یاسایی رۆژی یەك شەمە، رێککەوتی (٢٠٢٢/٦/١٢) کاتژمێر (٨)ی شەو، کۆبوونەوەی

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٧

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و حەفت

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە ٢٠٢٢/٦/٢٢ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٣ ل ١٣٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٧ ل ٢٤٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٩ ل ٢٨٥

سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەکەین داوا ئەندامەکانیان بکەن ئێمە لە پرۆسەی دەنگدانین، بۆیە ئێمە دەنگدان دەخەینە سەرەتا دەزانین لە ناوەڕاستی دانیشتنەکە هۆڵەکە چی لێدێت، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی پەروەردە، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فەرموون دەست بە راپۆرتی دەنگدان دەکەین، داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین بێنەوە ژوورەوە، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بابەت: راپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی لە رۆژی دوو شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠)، کاتژمێر (١:٣٠) دوای نیوەڕۆ کۆبوونەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پرۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی یەك بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

پێنجەم: ئەنجوومەنی: ئەنجوومەنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێم.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یەك دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی یەکەم و دووەم و پێنجەم بەم شێوەیان لێبکرێت.

یەکەم: دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شارەوانی وپەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازییەکانی شارەوانی لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی.

دووەم: پاراستنی ژینگەی هەرێم بە شێوەیەکی خاوێن و تەندروست و دروستکردنی ناوچە و پانتایی سەوزاییەکان و دروستکردن و بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی پارك و باخچە و ناوچە سەوزاییەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

پێنجەم: کارکردن بە پەیڕەوکردنی بنەمای هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت لە جێ بەجێکردنی پرۆژەکان بە شێوەیەك کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی شەشەم دەستەواژەی کەلتوور بکرێتە کەلەپووری.

پێشنیاری سێیەم: ئەم ماددەیە لابرێت بە شێوەیەك یەك بخرێت لەگەڵ ماددەی سێ.

پێنشیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوو چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت لەگەڵ زیادکردنی سێ بڕگە بە زنجیرەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم.

سێیەم: سەپەرشتیکردن و چاودێریکردن و بەشداریکردن لە دانانی پلان و پرۆژەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت لە شار و شارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان دەرنەچن.

دەیەم: دابینکردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی نەخشە و ماستەرپلانی شار و شارۆچکەکان.

یازدەیەم: پاراستنی شوێن و ئاسەوارە مێژووییەکان کە دەکەونە سنووری شارەوانی لە ئامادەکردنی هەر ماستەرپلانێك.

دوازدەیەم: پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە قیرتاوکردن و دابینکردنی ئاوی خاوێن و راکێشانی هێڵی کارەبا بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبوون.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و شەشەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: دارشتنی سیاسەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە رێگای ئامادەکردنی نەخشەی بنەڕەتی ماستەرپلان و نەخشەی کەرتی بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێم بەدەر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان لەسەر بنەمای زانستی و پاڵپشت بە ستانداردی نەخشەسازی زانستی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی نەخشە و بەکارهێنانی جۆراوجۆری زەوی ببێتە پاڵپشتی پەرەپێدانی شارستانی و ئابووری.
دووەم: پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بە پەلە و بە کواڵێتی شیاو دروستکردنی رێگاوبان و پرد و تونێڵ لە سنووری شارەوانییەکان بە کۆنترۆڵی دیجیتاڵی و بە شێوەیەك ببێتە مایەی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان و خۆشگوزرانی دانیشتووان.
سێیەم: سەپەرشتیکردنی چاودێریکردنی و هەڵسەنگاندن و پلان و پرۆژەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت لە شار و شارۆچکەکان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان دەردەچن.
شەشەم: سەرپەرشتیکردنی سەرپەرشتی و بەدواداچووون و هەڵسەنگاندن و جێ بەجێکردنی نەخشەی کەرتی و نەخشەی سێکتەرەکانی دیکەی ناو ماستەرپلان کە لەلایەن شارەوانییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادە دەکرێت بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانی شارەکان.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
دووەم: دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروستکردنی رێگاوبان و پرد و تونێڵ لە سنووری شارەوانییەکان بە شێوەیەك ببێتە مایەی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان وخۆشگوزەرانی دانیشتووان.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێ چوار پێنشیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەسی لەگەڵە، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەکەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشیاری چوارەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی چوار بخوێننەوە.
**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی چوار هەشت پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

سێیەم: راوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن و خزمەتیان لە پانزدە ساڵ کەمتر نەبێت و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن و نابێت ژمارەیان لە چوار راوێژکار زیاتر بێت.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکان بریتین لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی خوارەوە و هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی و خزمەتیان لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی پێنج لە بڕگەی شەشەمدا بەم شێوەیەی لێبکرێت.

پێنجەم: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن وپێکهاتەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بەم شێوەییەی خوارەوە دەبێت.

١- سەرۆکی دەستە: سەرۆك.
٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
٣- راوێژکاری وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەکرێن ئەندام.
٤- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ئەندام.
٥- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندام.
٦- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئەندام.
٧- بەڕێوەبەری گشتی و کارگێڕی و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان ئەندام.

پێشنیاری سێیەم: بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکان وئاڕاستەکردنی سیاسەتەکان و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی هەموو بڕیار و فرمان ورێنماییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و رێکخستنی هەیە و بەپرسیارە لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، وە بۆی هەیە بەشەك لە دەسەڵاتەکانی خۆی رابسپێرێ بۆ بریکاری وەزارەت و سەرۆك و دەستە یان بەڕێوەبەری گشتییەکان یان بەرپرسەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بێت.

دووەم: نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەری دەبن.

سێیەم: راوێژکاران پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن لە بواری ئەرکەکانی شارەوانی و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن و خزمەتیان لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێت و نابێت ژمارەیان لە چوار راوێژکار زیاتر بێت.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەمی خاڵی یەك و پێنج بەم شێوەیە لێبکرێت.

دووەم: یەك- بریکاری وەزارەت هاوکاری وەزیر دەکات لە رووی ئاڕاستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیر پێی دەبەخشێت، وە دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

پێنج_ سەرۆکی شارەوانیەکان پۆلێن بکرێت بەپێی پلەی شارەوانیەکان.

١- سەرۆکایەتی شارەوانی لە پایتەخت یاسای تایبەت دەبێت و بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی.

٢- سەرۆکایەتی شارەوانییەکان لە سەنتەری پارێزگاکان و ناوەندەکانی ئیدارە سەربەخۆکان بە پلەی نایاب.

٣- پلەی سەرۆکی شارەوانییەکان پلەی جێگری بەڕێوەبەری گشتی دەبێت.

پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی یەك و بڕگەی چوارەم خاڵی چوار و بڕگەی شەشەم خاڵی چوار بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: ١- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەت و بەرپرسە لە کاروبارەکان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکان و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنی هەیە و بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، وە بۆی هەیە بەشەك لە دەسەڵاتەکانی خۆی راپسپێرێت بۆ بریکاری وەزارەت و سەرۆکی دەستە یان بەڕێوەبەری گشتیەکان یان بەرپرسی پێکهاتەکانی وەزارەت.

چوارەم: ٤- بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

شەشەم: ٤- ه- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

پێشنیاری شەشەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەمی خاڵی یەك و سێ بەم شێوەیە لێبکریت.

یەکەم: ١- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەت و بەرپرسە لە کارەکان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکان و سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەسەڵاتەکان و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنی هەیە و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، وە بۆی هەیە بەشەك لە دەسەڵاتەکانی خۆی راپسپێرێت بۆ بریکاری وەزارەت و سەرۆك و دەستە یان بەڕێوەبەری گشتییەکان یان بەرپرسی پێکهاتەکانی وەزارەت، بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و لە پسپۆڕی وەزارەتەکەیدا.

٣_ راوێژکارەکان پێویستە شارەزا و پسپۆڕبن و لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن و نابێت ژمارەیان لە چوار راوێژکار زیاتر بێت و ساڵانی خزمەتییان لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێت.

پێشنیاری حەوتەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵێك بە زنجیرەی نۆ بۆ بڕگەی چوار زیاد بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

چوارەم: ٩- بەڕێوەبەری گشتی باخچە و پارکەکان.

پێشنیاری هەشتەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار هەشت پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ

پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری سێیەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری پێـنجەمە تکـایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری شەشـەمە تکـایە دەسـت بەرزکـــاتەوە؟ (٥) کەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێـــك لەگەڵ پێشـــنیاری حەوتەمە تکـــایە دەســـت بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنشـیاری هەشـتەمە مـاددەکە وەکـو خـۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی پێنج بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی دووەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: وەزیر دەسەڵاتی هەیە کەسێکی پسپۆڕ لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەی بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجـوومەن بە مەبەسـتی راوێژکـاری لە کـاتی پێویسـتدا بـێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

چوارەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجـوومەن وەرزی دەبـن لە کـاتی پێویسـتدا سـاز دەکـرێن بە بڕیـاری وەزیر یان ئەنجوومەن.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنهـا خاڵێـك بە زنجیـرەی شـەش بـۆ بـڕگەی یەکەم زیـاد دەکرێت.

یەکەم: ٦- نوێنەرێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ئەندام.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (١) کەس، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری سـێیەمە تکـایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: ئەنجـوومەنی وەزارەت بـۆی هەیە گرێبەسـت لەگەڵ کەسـانی سرووشـتی و مەعـنەوی واژوو بکـات کە خـاوەن شـارەزایی و پسـپۆڕیەتین لە نـاوخۆی هەرێـم بە مەبەسـتی جـێ بەجێکردنـی ئامـانج و ئەرکەکـانی وەزارەت بە رەچـاوکردنی یاسـا و رێنمـایی جـێ بەجێکردنـی گرێبەستە حکومییەکانی کارپێکراو.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە لاببرێت.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: وەزیـر بـۆی هەیە گرێبەسـت لەگەڵ کەسـانی سرووشـتی و مەعـنەوی واژوو بکـات کە خـاوەن شـارەزایی و پسـپۆڕیەتین لە نـاوخۆی هەرێـم بە مەبەسـتی جـێ بەجێکردنـی ئامـانج و ئەرکەکانی وەزارەت بەپێی یاسا بەرکارەکانی لە هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش چـوارەم پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٧): ئەنجوومەنی وەزارەت بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یـان بەش یـان هۆبە لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتەکایەوە یان هەڵیان بووەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

پێشنیاری دووەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

مــاددەی (٧): وەزیــر بــۆی هەیە لە کــاتی پێویســت و بەرژەوەنــدی گشــتی بە راوێــژ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزارەت بەش یان هۆبە لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتەکـایەوە یـان هەڵیـان بووەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٧): وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویسـتدا بەڕێـوەبەرایەتی یـان بەش لە نـاو پێکهاتەکـانی وەزارەت بهێنێتەکایەوە یان هەڵیان بووەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی حەوت پێـنج پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێنشـیاری یەکەم تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکـاتەوە؟ (١)کەسـی لەگەڵە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری پێـنجەمە مـاددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت.

ماددەی (٨): ئەرك و دەسەڵاتەكانی وەزارەت بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت كە لەلایەن وەزارەت و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت كە لە ماوەی سێ مانگ تێپەڕ نەكات لەسەر جێ بەجێكردنی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم: ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی هەشت دوو پێشنیاری هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (١) كەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆ هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆ ماددەكە وەكو خۆی، هیچ پێشنیارێك نیە، هەر بەڕێزێكی لەگەڵە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە ماددەكە وەكو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێكی لەگەڵە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەكە وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یازدە ماددەكە وەكو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێكی لەگەڵە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەی دوازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە هیچ پێشنیارێك نیە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوازدە ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی سێزدە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێزدە ماددەکە وەکو خۆی، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشینار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە.

هۆیەکانی دەچوواندن: بە هۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکانی هەرێم بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازی و پێداویستیەکانی هاوڵاتیان بێت، لە شار و شارۆچکەکاندا بە مەبەستی جێ بەجێکردنی پلانی حکومەت بۆ دانانی پەیکەرێکی کاریگەر و گونجاو بەپێی پێداویستی هەنووکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم یاسایە دەچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی شارەوانی، فەرموون بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، سەرۆکایەتی لیژنەی ناوخۆ بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموو کاك عباس.